گوڵکەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٩)

سێشەممە ٢٠٢٥/٧/١

# شارە نوێیەکانی هەولێر تاپۆ دەکرێن



دیمەنێکی شاری ئاشتی

وێنە: گەیلان حاجی

# 20 هەزار ساڵ مێژووی مرۆڤ لە ئەشکەوتی پڵنگان

**دهۆك بەڕۆژی**

پاش چەند ساڵێک کنەکردنی شوێنەوارناسانی بیانی و خۆماڵی لە ئەشکەوتی «پڵنگان»ی سەر بەشارۆچکەی خەلیفان، سێ چین شوێنەواریان دۆزییەوە کە مێژووی پێش ٢٠ هەزار ساڵی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن.

د. عەبدولوەهاب سلێمان بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران بە (گڵگەند)ی ڕاگەیاند ئەشکەوتی پڵنگان دەکەوێتە ناو گەلی چناران لە شارەدێی سرێشمەی سەر بەشارۆچکەی خەلیفان و ساڵی ٢٠١٦ لە میانی چالاکییەکی شوێنەواریدا دۆزراوەتەوە. ئەو کاتە د. عەبدولوەهاب سلێمان سەرقاڵی نووسینی تێزی ماستەر بووە لەسەر هونەری سەر بەرد لە پارێزگەی هەولێر، سۆران و چۆمانی بە نموونە هێنابووەوە، لەم ڕێگەیەوە ئەشکەوتەکەیان دۆزییەوە و ناوی وەک شوێنەوار تۆمار کرا.

ئەو بەرپرسەی شوێنەوار ئاماژەی بەوەش دا کە لەگەڵ تیمێکی ناوەخۆی کوردستان گرێبەستێکیان لەگەڵ زانکۆی (ئۆتۆنۆمۆس)ی ئیسپانیا ئیمزا کردووە بۆ کنەکردن لە ئەشکەوتەکەدا، ئەوە بوو یەکەم وەرزی کارکردنیان ساڵی ٢٠١٧ دەست پێ کرد، پاشتر بە سێ وەرزی کارکردن گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی.

بە گوتەی د. عەبدولوەهاب، میکوێل مۆلیستە سەرۆکی تیمی زانکۆ ئیسپانییەکە بەکارکردن لە شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان خۆشحاڵ بووە و پێی وایە کوردستان شوێنێکی زۆر گرینگە بۆ تێگەیشتنی مێژووی مرۆڤایەتی، بەتایبەت کە لە ئەشکەوتی پڵنگان ئەنجامی باش بەدەست هاتوون. تیمەکە سێ چین شوێنەواریان لە ئەشکەوتی پڵنگان دۆزیوەتەوە، چینی یەکەم، بۆ (١٠- ٢٠) هەزار ساڵ پێش ئێستە دەگەڕێتەوە. چینی دووەم، بۆ چاخی بەردین و چینی سێیەمیش بۆ چاخی برۆنزی دەگەڕێتەوە. لای خۆیەوە قایمقامی شارۆچکەی خەلیفان بەپشتبەستن بەئاماری بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران ڕای گەیاندووە کە نزیکە ١٢٠ شوێنەواری مێژوویی لە سنوورەکەدا هەن. ئەشکەوتی پڵنگان یەکێکە لە گرینگترین شوێنەوارە کۆنەکانی ناوچەکە لە دوای ئەشکەوتی شانەدەر، کە لە چاخە دێرینەکاندا مرۆڤیان تێدا ژیاوە. ●







# چایخانەیەك 40 ساڵە کریستیان و موسوڵمان کۆ دەکاتەوە

**گەیلان حاجی**

چایخانەیەک لە شەقڵاوە ماوەی ٤٠ ساڵە دانیشتوانی کریستیان و موسوڵمانی سنوورەکە لەسەر مێزی چاخواردنەوە کۆ دەکاتەوە

وەستا مزەفەر لەوەتەی ١٩٨٦ەوە لەو چایخانەیە کار دەکات کە لەسەر دەستی باوکی کراوەتەوە، ئێستەش هەموو ڕۆژێک لە دوای نوێژی بەیانییەوە تا شێوان چای گەرم پێشکێشی میوانان دەکات.

جگە لە گەنج و پیرەپیاوانی کریستیان و موسوڵمانی شەقڵاوە، بەهۆی ئەوەی کەوتووەتە سەر ڕێگەی سەرەکیی شار، گەشتیار و ڕێبوارانیش بۆ چاخواردنەوە و پشوودان ڕووی تێ دەکەن، ئەمەش سەرباری بچووکیی ڕووبەرەکەی. چایخانەکە لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی گوندی شەقڵاوەیە، کە ئێستە بووەتە ناوەندی شارۆچکەکە، مزگەوتەکەش یەکێکە لە مزگەوتە دێرین و کۆنەکانی سنوورەکە و کوردستان. وەستا مزەفەر لە بارەی چایخانەکەیەوە بۆ (گڵکەند) ئاماژەی بەوە کرد، خەڵکی موسوڵمان و کریستیان سەردانی دەکەن، بەدەم چاخواردنەوەوە، دۆستانە قسە و باسی خۆیان دەکەن، زۆر جاریش بەر لە ڕۆیشتن، برادەرە کریستیان و موسوڵمانەکان پارەی چای یەکتر دەدەن. ئەو چایخانەیە ئێستە یەکێ لە ئادگارە بچووکەکانی شەقڵاوەیە، ڕۆژانە لە کەشێکی برایانەدا، دەیان چیرۆکی نەبیستراو لە زارەوە بۆ گوێی یەکتر دەگێڕدرێنەوە.

شەقڵاوە، کەوتووەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر، لە ساڵی ١٩٥٢ بووەتە قەزا و نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی هەولێر دوورە. دانیشتوانی موسوڵمان و کریستیانن، کە وەک دۆست و خزم بەیەکەوە دەژین. تێکەڵی و پێکەوەژیانی پەیڕەوانی هەردوو ئاین تێیدا بەڕادەیەکە، کە مەزاری پیاوچاکی هاوبەشیان هەیە و خەڵکی هەردوو ئاین بۆ مرازی دڵی خۆیان، سەردانی دەکەن. ●



## بەشێکی تایبەت بە تووشبووانی ئۆتیزم

# گەورەترین نەخۆشخانەی دەروونی دروست دەکرێت




**هەژار مەجید**

گەورەترین نەخۆشخانەی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی تایبەت بە نەخۆشیی دەروونی دروست دەکرێت، کە ڕووبەرەکەی ٢٧ هەزار مەتر دووجا دەبێ و شەش ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت.

جگە لە یەکەکانی چارەسەری، لە نەخۆشخانە دەروونییەکەدا، ڕووبەرێکی بەرفرەوان بۆ باخچە و شوێنی حەوانەوە و یاریگەی وەرزشی تەرخان کراوە.

نەخۆشخانەکە دەکەوێتە گەڕەکی ڕۆشنبیریی هەولێر، ماوەی دوو ساڵە دەست بەدروستکردنی کراوە و ٦٠٪ی پڕۆژەکە تەواو بووە.

دلۆڤان محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر لە بارەی پێکهاتە و وردەکاریی بەشەکانی پڕۆژەکە، بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند کە لە پێنج باڵەخانە پێک دێت، یەکێکیان تایبەتە بە ڕاوێژکاری و کارگێڕیی نەخۆشخانە، دوو باڵەخانەش بۆ ژنانی نەخۆش، یەکێکیان بۆ نەخۆشانی درێژخایەن کە پێی دەوترێت (کرۆنیک) و بەشەکەی دیکەش بۆ ئەو نەخۆشانەیە کە پێویستیان بەمانەوەیەکی زۆر نابێت لە نەخۆشخانە، واتە ئەوانەی بە چەند ڕۆژێک چارەسەر وەردەگرن و پێی دەگوترێت (ئەکویت)، دوو بەشەکەی دیکەش بە هەمان شێوە بۆ پیاوان دابین کراوە.

بەهۆی ئەوەی نەخۆشخانەکە لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەیە، تەواوکردنی پێویستی بە کاتی زۆر هەبووە، بەڵام بەگوتەی بەڕێوەبەرە تەندروستییەکە، چاوەڕوان دەکرێ کۆتاییی ئەمساڵ نەخۆشخانەکە تەواو بێت.

ئەمە یەکەم نەخۆشخانەیە لە هەولێر کە ژنانی نەخۆشیی دەروونی تێدا بخەوێندرێن، بەو پێیەی ئەو باڵەخانەیەی ئێستە بۆ نەخۆشانی دەروونی دابین کراوە، کەوتووەتە نێو باڵەخانەی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری و شوێنەکەی زۆر بچووکە و تەنها ٣٠ نەخۆش دەگرێت و تایبەتە بەڕەگەزی نێر.

نەخۆشخانەکە پڕۆژەیەکی خێرخوازییە و لەلایەن دوکتۆر عوسمان نانەکەلی دروست دەکرێت، بەڵام تێچووی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ناو نەخۆشخانەکە لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و بڕی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ دابین دەکرێت. بیرۆکەیەکیش هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەشێکی تایبەت بکرێت بەتووشبووانی ئۆتیزم.

بەڕێوەبەری تەندروستیی هەولێر ڕەتی دەکاتەوە زانیارییان لە بارەی ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی دەروونی لە سنووری پارێزگەکە هەبێت، یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە هێشتا خەڵکێکی زۆر لەبەر توانج و کێشەی کۆمەڵایەتی نەخۆشەکانیان نابەن بۆ لای پزیشکی پسپۆڕ و وەک نەخۆشیی دەروونی تۆماریان ناکەن. ●






**عەبدولباسیت فەرهادی**

# ماتۆڕسوارە ترسناکەکان

هەر کاتێ لە ماڵ دەردەچم، بە پیادە بم یا بە ترومبێل، چاودێریی دەنگی ماتۆڕە تیژهاژووەکان دەکەم، داخوا لە کام لاوە بۆم دێن. شەقامەکانی شار پڕ بوون لە چەندین جۆری ماتۆڕ.

کاتی خۆی ماتۆڕی پۆلیسی هاتوچۆ یا هی ڕێبەرە کشتوکاڵییەکان هەبوون لە گوندەکان دەگەڕان یا هی هەندێ کرێکاری کوورەکان، تاکوتوکیش لە هەندێ گەڕەک چەند ماتۆڕسوارێکت دەبینی و هەندێکیش ماتۆڕی کەشخە و گرانبەهای مارکە جیهانییەکانیان بۆ پۆزلێدان هەبوو.

بەگشتی ماتۆڕسوار کەسانێکی زۆر پەسندکراو نەبوون لەناو خەڵکی، هەرچەندە ئەو ئامێرە چاکە بۆ کاری باش بەکار هاتووە و کەسانی ماقووڵ و خاوەن پێگە و پایەش بەکاریان هێناوە.

لە ڕووی یاساییەوە کەسی ماتۆڕسوار دەبێ مۆڵەتی لێخوڕینی ماتۆڕی هەبێ و لە تاقیکردنەوەکان دەرچووبێ و ماتۆڕەکەشی تۆمارکراو بێ و ژمارە و مۆڵەتی هەبێ، لە کاتی ماتۆڕسواریشدا کڵاو و دەستکێش و گێتەری سەر چۆکی لەسەر و لەبەر بێ.

ئەو ماتۆڕسوارانەی نە خۆیان نە ماتۆڕەکانیان مۆڵەتیان نییە، بەپێی یاسای هاتوچۆ سزا دەدرێن، بەخۆیان زیندانی دەکرێن و دەستیش بەسەر ماتۆڕەکانیاندا دەگیرێ.

زۆربەمان بەتایبەتی لە کاتی بەهار و چوونە سەیران ڕەوە ڕەوە گەنج و هەرزەکاری ماتۆڕسوار دەبینین کە هەندێ ماتۆڕ سێ چوار کەسی سوار کردووە و لە شەقامەکان بەتایبەتی لە چوارڕیانی سێتاقان بەرەو کۆیە تەڕادانێ دەکەن، جۆرەها نمایشی ترسناک دەکەن و لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکرێ.

ماتۆڕسوارەکانی دلیڤەری وەک گوللە لەنێو ئاپۆڕای ترومبێلان دەردەپەڕن، چاوێکیان لەسەر مۆبایل و ئەوی دی لەسەر ڕێگە کە دەیانەوێ لە کورتترین ماوە بگەنە شوێنی مەبەست بێ گوێدانە یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ.

چارەسەریش ئاسانە، وەک زۆربەی وڵاتان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە سۆشیال میدیا و ئاسانکردنی مۆڵەت وەرگرتن و کۆنترۆڵکردنی هاوردەکردنی ماتۆڕ و تۆمارکردنیان و تەرخانکردنی سایدێکی تایبەت لە شەقامەکان بۆ ماتۆڕ و پایسکیلەکان تا ترومبێل ڕێگریان نەبێ و ئەوانیش نەچنە ناو ترومبێلان. ●

## هیچ ماددەیەکی کیمیاویی تێکەڵ ناکرێت

# ڕۆنی کوێستانەکانی کوردستان هەڕمێن پەیدا دەکاتەوە

**گڵکەند**

ئەگەرچی زۆری و هەرزانیی ڕۆنی ڕووەکی یاخود دەستکرد لە بازاڕەکاندا تەنگی پێ هەڵچنیوە، بەڵام وەک فرۆشیارانی بازاڕی شێخەڵڵای هەولێر باسی دەکەن، ڕۆنی کوردی هێشتا داواکاریی زۆری لەسەرە.

دارا محەمەد دوازدە ساڵ زیاترە لە بازاڕی شێخەڵڵا بەرهەمە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان، بەتایبەت ڕۆنی کوردی دەفرۆشێت؛ پێی وایە ئێستە ڕۆنی خۆماڵی داواکاریی زۆری لەسەرە، لەبەرئەوەی هیچ ماددەیەکی کیمیاویی تێ ناکرێت و تەندروستترە.

ئەو فرۆشیارە بۆ (گڵکەند)ی ڕوون کردەوە کە ئەو ڕۆنە خۆماڵییە لە ئاژەڵدارە ڕەوەندەکانی ناوچە کوێستانییەکانی وەکو سیدەکان و باڵەکایەتی دەکڕن، کە خۆیان ڕۆنەکە لە شیری سروشتی بەرهەم دێنن و دەیهێننە بازاڕ بۆ فرۆشتن.

وەک ئاژەڵدارەکانیش باسی دەکەن، ئەو ڕۆنە لە شیری ئاژەڵ دروست دەکرێت؛ پاش ئەوەی دەکرێتە ماست، لە مەشکەدا دەژەنرێت و دۆ و کەرەی لێ دروست دەبێت، پاشان ئەو کەرەیە گەرم دەکرێت و دۆئاوەکەی لێ جیا دەبێتەوە و دەبێتە ڕۆنێکی ساف.

جەختی لەوەیش کرد کە ئەو ڕۆنە هیچ ماددەیەکی کیمیاویی تێکەڵ ناکرێت، بەڵام دەبێت لە شوێنێکی فێنکدا بێت و باشتر وایە لەناو دەفری فافۆن یان ستیل یان شووشەدا بێت، باغە و پلاستیک باش نین.


ڕۆنی مەڕ سپییە و ئێستە لە بازاڕی هەولێر کیلۆی بە ٢٥ هەزار دینارە، هی مانگا زەردە و کیلۆی بە ١٤ هەزارە، هەردووکیان خواستیان لەسەرە، خەڵکی هەولێر و خەڵکی شارەکانی باشووری عێراقیش دێنە هەولێر بۆ کڕینی، بەڵام خواست لەسەر ڕۆنی مەڕ زیاترە.

دوکتۆر نەبیل حوسێن، مامۆستا لە بەشی پیشەسازیی خۆراک لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین، لە بارەی بەهای ڕۆنی خۆماڵی بەراورد بە ڕۆنە دەستکردەکانەوە دەڵێ ئەگەر سەرچاوەی ڕۆنەکە شیری ئاژەڵ بێت، لە زۆربەی ئەو ڕۆنانەی هاوردە دەکرێن باشتر و تەندروستترە، چونکە کاربۆنی ترشە چەورییەکانی بچووکن و جەستەی مرۆڤ باشتر دەتوانێت بیانناسێتەوە و هەرسی بکات. ●


وێنە: هەژار مەجید

گۆشەیەکی بازاڕی قەیسەری کە ڕۆنی کوردی تێدا دەفرۆشرێت

## 300 لۆهەولێر


شێرزاد هەینی

# چایەخانەی مەچکۆ

چایەخانەی مەچکۆ، ئەو کۆنە بینایەی پشتی بەدەرگەی قەڵات داوە، بەردەوام جمەی دێ، هاتوچۆی تێدا لە کۆڵانێکی ناوەندی شار گەرمترە. دینگە گەورە ئەستوورەکانی ژوورێی، دانیشتووی سەر کورسییە ڕەقەکانت لێ دەشارنەوە، دەچیتە دوا ڕیزی خەڵکەکە، سەیری هەمووان دەکەی، هەموانیش سەیرت دەکەن، بەتایبەتی من، چونکە زۆر لەمێژە نەچوویمە ئەو چایەخانەیە، سەروقژیشم کەمێک نامۆیە، وا دەزانن بێگانەم.

دەگەمە نزیک دیوارەکان؛ دەچمە بەرانبەر وێنەکانی بەرز هەڵواسراون، زۆر لە کەسایەتیی فۆتۆکانی مردوون، بەداخەوە ڕۆیشتوون، ئەوانەش کە لەمێژە نەهاتوونەتە ئەو چایەخانەیە، چایەکی تاڵ، ئاوێکی ساردیان نەخواردیتەوە.

بەڵام وێنەکان ماون، وێنەی پیر و گەنجەکان، ئەوانەی گۆرانیبێژ، شاعیر، شەهید، نووسەری دیار و کەسایەتیی جوانی شارەکە بوون، ئەوانەش کە کەسایەتیی شارەکە نەبوون، بەڵام بەجۆرێک خزمەتی هەولێریان کردووە، وێنەیان لەوێ دانراوە، هەموویان زەق زەق سەیرت دەکەن، تۆ دەیانناسیتەوە، یادگاریت لەگەڵیاندا هەیە، ئەگەر تاقەتی قسەکردن و دەمەتەقێیان مابێت، زۆریان لە کنە بیگێڕنەوە، باسی بکەن!

بەدەگمەن یەکێکیان لەو دووسێ ساڵە، زۆرتریش نەهاتووەتە چایەخانەی مەچکۆ، لەوێ کتێبێکی بۆ خوێندنەوە وەرنەگرتووە، دوو دوو دانەنیشتوون باسی ئەدەب، دوا شانۆگەریی تەڵعەت سامان بکەن، خەم لە زوو مردنی قادر زیرەک بخۆن، بپرسن بۆ حەیدەرە کەچەڵ ئەو دەنگە سیحراوییە، بواری نەدەدا گۆرانی و ئەگلەنجە جوانەکانی تۆمار بکرێن. یەکێک چاوی دەبڕێتە وێنەی هونەرمەندێک ساڵانێک بوو مەنەلۆژی کردبووە بەشێکی شیرینی ئاهەنگ و بەزمەکانی هۆڵی گەل و بۆنە سیاسییەکان.

بچیتە ئەوێ لەگەڵ وێنەکان گوێت لە حەیرانی پڕ لە سۆز دەبێت، خەم لەوە دەخۆیت پیر بووم و حەیرانەکەش هارم دەکات.

لەناو وێنەکان یەکێک دەڵێ؛ ڕاستە زۆر لەو شارە نەژیام بەڵام زوو بوومەتە هەولێری! لە گۆشەیەک پیاوێک بەکەشیدەیەکی حاجییانە دەڵێ: نیوەی شارەکە موڵکی کوڕەکانمە، بەڵام ئێرەم پێ خۆشە، پیرۆزترین جێگەیە! مەچکۆ وەزیر و گەورەتر چایان لێی خواردیتەوە، وێنەیان گرتووە، گوتوویانە؛ هەرگیز چای وا گەرم و بەتامم بەبێ ترس نەخواردیتەوە.

لەو مەچکۆیە کێت ون کردووە لە گۆشەیەکی دیوارەکە دەیدۆزیتەوە، قسەت لەگەڵدا دەکات، گلەییی هەیە؛ بۆ کەس دیار نییە؟ کوا منداڵ و نەوەکانمان؟ یەکێکیان خۆی پێ ڕاناگیرێت دەگرییێت؛ کوا بۆ کەس ناناسم، باشە جاروبار گۆرانییەکی کوردی سارێژم دەکات!.

## 1455 پڕۆژە دەگرێتەوە

# یەکەکانی نیشتەجێبوون تاپۆ دەکرێن

**گڵکەند**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکان تاپۆ دەکات، لەم بارەیەوە لێژنەیەکی باڵای بەتەواوی دەسەڵاتەوە بۆ ڕاییکردنی کارەکان پێک هێناوە.

بەرگەشت ئاکرەیی گوتەبێژی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند حکوومەت دەستی بەتاپۆکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراویان بۆ ئەو خاوەن پڕۆژانە کردووە کە داوای تاپۆکردنی پڕۆژەکانیان دەکەن، دواتر بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی، بەرزی دەکەنەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

سەرجەم ئەو پڕۆژانەی ڕێژەی کارکردنیان ٦٥٪ تەواو کراوە، مافی داواکردنی تاپۆکردنیان هەیە و دەتوانن داواکاری ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنان بکەن، بەگوتەی بەرگەشت ئاکرەیی، پڕۆسەکە جگە لە یەکەی نیشتەجێبوون، کارگە و قوتابخانە و شوێنە گەشتیارییەکانیش دەگرێتەوە.

بەهۆی بەردەوامبوونی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانیشەوە، کات دیاری نەکراوە بۆ پرۆسەی تاپۆکردنەکە، چونکە هەزاران پڕۆژەی وەبەرهێنان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێ دراوە.

بەرگەشت ئاکرەیی ئەوەشی خستە ڕوو کە بەتاپۆکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون وەک ڤێلا و خانوو و شوقە، کاری وەبەرهێن تەواو نابێت، بەڵکو پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەو یەکانە لەلایەن وەبەرهێنەکانەوە بەردەوام دەبێت.

لە دەستپێکی دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانەوە تاوەکو ئێستە، زیاتر لە ١٤٥٥ پڕۆژەی وەبەرهێنان بەسەرمایەی زیاتر لە ٧٤ ملیار دۆلار لە سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکان مۆڵەتیان پێ دراوە.

بە فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی باڵا بۆ ئەم بەمەستە پێک هێنراوە، کە وەزیری شارەوانی، وەزیری داد، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەری گشتیی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان ئەندامن تیایدا، د. لوقمان عومەر بەڕێوەبەری گشتیی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان بۆ (گڵکەند) گوتی کاری ئەو لێژنەیە ئیفرازکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانە لە سەرجەم سێکتەرەکان، ئێستە لێژنەکە کار لە نەخشەی ئیفرازی پڕۆژەکان دەکات دوای تەواوبوونی نەخشەکە، ڕەوانەی تۆمارکردنی خانووبەرە دەکرێت، ئەو کات دەست بەتاپۆکردن دەکرێت، چونکە بەشێک لە یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر نەخشە بۆ یەکە دابەش نەکراون.

ئەوەشی گوت کە بەشێک لە زەوییەکان دەبێت کوژاندنەوەیان بۆ بکرێت و خاوەن زەوییەکان قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها بەشێک لە وەبەرهێنەکان کاریان بە سایتپلانی پڕۆژەکان نەکردووە، بۆیە لێژنەکە دەسەڵاتی تەواوی پێ دراوە لە چارەکردنی ئەو گرفتانەی دێتە بەردەم کارەکانیان.

لەبارەی ڕسووماتی تاپۆکردنیشەوە، ئەو بەرپرسە ئاماژە بەوە دەکات کە وەبەرهێن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوانەی کە یەکەکانیان کڕیوە ڕێژەی سەدا یەکی نرخی خانووەکانیان وەکو ڕسوومات لێ وەردەگیرێت، هەروەها بەناوی ئەو کەسانەوە دەکرێن کە دوا گرێبەستیان لەگەڵ وەبەرهێن کردووە. ●




وێنە:گەیلان حاجی

---

## کوردستان



**کوردستان موکریانی**

## ژن و ڕاگەیاندن لە کاتی شەڕدا

ئێمەی کورد زێتر لە نەتەوەکانی دەوروبەری ڕۆژئاوای کەرتەی ئاسیا (ڕۆژئاواییەکان بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نێوی دەبەن) دەزانین شەڕ کاولکاری، لێکترازانی خێزان، جەرگسووتان، نەخۆشی دەروونی، هەمووجۆرە توندو تیژی و... بەرهەم دەهێنێت.

ماوەی سەدەیەکە بۆ لەنێوبردنمان و پووچکردنەوەمان لە جەنگێکەوە ڕووبەڕووی جەنگێکی دیکەیان کردووین. کورد هەرگیز لەگەڵ هیچ جۆرە شەڕێکدا نەبووە و نییە، پەلاماری هیچ لایەن و خاکێکی نەداوە، بەڵکوو هەردەم لەپێناو مانەوەی لەسەر خاکی خۆی ئازایانە بەرگریکردووە، هەر کاتێکیش لە کوورەی ئاگر نێزیکبۆتەوە، هەروەک ئەم چەند ڕۆژانەی ئێستا زۆر هۆشیارانە، دووربینانە و... مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکەدا کردووە و دەکات.

لە باشووری کوردستاندا ٥٠ کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی و ٢٠٠ کەناڵی تەلەڤزیۆنی خۆجێیمان هەن، بەپێی زانیاری من بەڕێوەبەری هیچ کام لەم کەناڵانە ئافرەت نین.

پێگەی ژن لە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراوی کوردیدا لە بواری جوانکاری، دایکایەتی، خۆراک و دەیان بەرنامەی کات بەسەربردندا پشکی شێری بەرکەوتووە، بەڵام هێندێک کەناڵی کوردیش هەن، ڕێگەیان بۆ ژن خۆشکردووە، وەک بێژەرێک وپێشکێشکارێکی لێهاتوو، ئامادەکار، ڕێکخەر و سازدەری بەرنامەی ڕۆشنبیری، هونەری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، یاسایی و تا ڕادەیەکیش سیاسی... هەبێت.

ڕاستە زۆربەی هەرەزۆری پەیامنێرانی نێو بەرەی شەڕدا پیاون، بەڵام هێندێک ئافرەتی ئازامان هەن، لەنێو ئاتوونی جەنگدا هەواڵیان بۆ بینەر گواستۆتەوە، بۆ وێنە دڵنیا ڕەحمان – پەیامنێری کەناڵی ڕووداو زۆر بوێرانە، ڕاستەوخۆ ڕووماڵی بویەرەکانی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرایینای دەکرد، هەروا ژنی قوربانی نێو بەرەی شەریشمان هەن، وەک جوانەمەرگ شیفا گەردی پەیامنێری ڕووداو لە کاتی هێرشە دڕندانەکەی داعشدا. ئەم دوو ئافرەتە ئازایە توانای ژنی کوردیان لەم بوارەشدا سەلماند.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، زۆربەی هەرە زۆری شرۆڤەکارانی کەناڵەکانی بینراوی کوردی لەمەڕ شەڕی کوشندەی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا، پیاون! لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبین، ئایا شرۆڤەکاری ژنمان نین، تا بانگهێشت بکرێن؟ ئایا لێزان و پسپۆرمان تێدا هەڵنەکەوتوون؟ ئایا ژن هەتا پسپۆری لەم بوارەشدا هەبێت، ماوەی ئەوەی نییە، وەک پیاو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان بکات؟ ئایا ژنی ئێمەی کورد کەم دووە و هەر لە منداڵییەوە تێیانگەیاندووە، هەردەم بێدەنگی بنوێنێت وبەهیچ جۆرێک خۆی لە سیاسەت هەڵنەقورتێنێت، چونکە سیاسەت هەر شایەنی پیاوە! بڕیاری دواچارەنووسی هەر کار و کردەوەیەک هەر مافی پیاوە!


مێژوو ئەوەی سەلماندووە دەستپێشخەر و بڕیاردەری هەر جەنگێک پیاوە، ژنیش قوربانی یەکەمە. هەر ئەو پیاوەی، کە شەڕێکی کوشندە بەرپادەکات، دوای چەند ڕۆژێک هاواری لێ هەڵدەستێت، بەوەی نەیارەکەی ژن دەکوژێت. ئەی بەر لەوەی بڕیاری هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ بدات، بۆ بیری لە ژن نەدەکردەوە، ئەو باش دەزانێت، لە کاتی جەنگدا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن.

بۆ ئەوەی خڕکەی زەوی لە جەنگ و... بپارێزرێت، وا پێویستە ژنی پسپۆڕ، ڕووناکبیر، لێهاتوو، باوەڕبەخۆ و بە ئەزموون هەڵسووڕێنەری دەزگەکانی ڕاگەیاندن، وەزارەتی پەروەردە، ڕۆشنبیری و بەرگری بن. ●

هەولێر ٢٠٢٥/٦/٢٠

# ژیری دەستکرد ئەمڕۆ فێری نەبی سبەی درەنگە

ژیری دەستکرد، کە وەك دیاردەیەکی خێرا و شەپۆڵێکی زەبەلاح بەسەر سیمای جیهاندا هاتووە و پێناسەی زانستی گۆڕیوە، بنەماکانی خوێندن و تەندروستی و بازرگانی و هێزیشی لەسەر زەوی بەجۆرێکی نوێ داڕشتووەتەوە، کوردستان و هەولێر لەم شەپۆڵە بێبەش نەبوون، هەندێك کۆمپانیا و ناوەندی بازرگانی لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان دەستیان کردووە بەتاقیکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لەم تەکنەلۆژیا نوێیە، حەزێکی بەرچاویش لەنێو گەنجان و کارمەندانی کۆمپانیاکان بۆ فێربوون و بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە هەستی پێ دەکرێت.




زیرەک تاریق

ژیری دەستکرد (Artificial intelligence) کە AI کورتکراوەکەیەتی، توانای ئامێر و سیستەمە کۆمپیوتەرییەکانە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێشتر تەنیا مرۆڤ دەیتوانی ئەنجامیان بدات، وەک فێربوون لە داتا، شیکردنەوەی زانیاری، بڕیاردان، تێگەیشتن لە زمان، ناسینەوەی وێنە و دەنگ. ئەمەش لە ڕێگەی ئەلگۆریتم و مۆدێلی ئاڵۆزەوە دەکرێت کە ڕێگە بەکۆمپیوتەر دەدەن «وەک مرۆڤ بیر بکاتەوە» و کاردانەوەی هەبێت.

فوئاد عەزیز شارەزا لە بواری تەکنەلۆژیا و ژیری دەستکرد، پێی وایە هۆشیاری سەبارەت بە گرینگیی ژیری دەستکرد لە کوردستان بە گشتی لە قۆناغی سەرەتای دایە. جیهان بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو پێشەوە دەچێ لەو بوارەدا، بەڵام لێرە هێشتا هەنگاوەکان زۆر سەرەتایین.

دەشڵێ ”کۆمپانیاکان لەوانەیە هەندێک پرۆژە و کاری بچووکیان هەبێت، بەڵام بەکارهێنانی بەرفراوان و ستراتیژی هێشتا نەهاتووەتە ئاراوە“.

ژیری دەستکرد لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ هاتنی (Chat gpt) بە فراوانی بڵاو بووەتەوە، ئێستە ڕۆژانە مۆدێلی تازەی ژیری دەستکرد بەردەست دەبن، ئەگەر بەردەوام ئاگەداری نەبن لە زانین دوا دەکەوی.

لە بارەی ئەو کەسانەی دژی بەکارهێنانی ژیری دەستکردن و بەشتێکی باشی نازانن، شارەزاکە دەڵێ ”ڕەتکردنەوەی ژیری دەستکرد لە نەزانییە، ئەو کەسەی بەکاری ناهێنێ، لە پێشکەوتن دوا دەکەوێت“.

ژیری دەستکرد بەدەرفەتێکی زێڕین دەزانێ و داوا لە گەنجان دەکات لە ڕێگەی ژیری دەستکردەوە خۆیان فێری چەندین بوار، پیشە و زمانی جیاواز بکەن، کاتی خۆیان لە شتی بێ سوود بەفیڕۆ نەدەن، دەشڵێ ”داهاتوو بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە لە ژیری دەستکرد شارەزان“.

ئێستە خواستێکی زۆر بۆ فێربوونی بنەماکان و ئامرازەکانی ژیری دەستکرد لەلایەن گەنجان و کارمەندانەوە بەدی دەکرێت. ڕێباز ئەحمەد خاوەنی کۆمپانیای بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی سۆشیاڵ میدیایە، یەکێکە لە ڕاهێنەرە دیارەکانی ژیری دەستکرد لە هەولێر، باس لە زیادبوونی ژمارەی بەشدارانی خولەکانی تایبەت بە ژیری دەستکرد دەکات. پێی وایە گەنجان، بەتایبەتی دەرچووانی زانکۆ، خاوەنکار و ئەو کەسانەی لە بواری بازاڕگەری (مارکێتینگ) و تەکنەلۆژیادا کار دەکەن، زۆر بەپەرۆشن بۆ فێربوونی ژیری دەستکرد.

ژیری دەستکرد تێکەڵی تەواوی بوارە جیاوازەکانی ژیان بووە و ئاسانکاریی سەیر دەکا، کارەکان هێندە خێرا دەکات کە پێشتر بیریشی لێ نەکرابووەوە، سەرباری ئەوەی تێچووی پارە و کاتیشی کەمە.

ڕاهێنەرەکە پێی وایە مرۆڤی سەرکەوتوو دەبێ لەگەڵ سەردەم بڕوا و لە زانستی نوێ دانەبڕێت، بەهۆی گرینگیی ژیری دەستکردەوە لە ماوەیەکی نزیکدا بەشێکی زۆری هەلی کار یەکێک لە مەرجەکانی شارەزایی دەبێت لەم بوارە، بۆیە پێویستە گەنجان بەزوویی خۆیان فێر بکەن، کات لەسەر ئەوان ناوەستێت، ژیری دەستکردیش ئەوەندە خێرایە، ئەمڕۆ فێری نەبیت، سبەی درەنگە.

خواستی فێربوون و بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکی گرووپی (ژیری دەستکرد) کە خاوەنی زیاتر لە هەزار ئەندامە لە کوردستان، ڕاپرسییەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ئەنجام دراوە، بەم شێوەیە:

دروستکردنی ڤیدیۆ: ٣٦٪ی خواستی لەسەرە.

بوارەکانی تری زانست: ١٣٪یە.

نوێکردنەوەی وێنە: ١١٪یە.

دروستکردنی کارەکتەری دەنگی: ٦٪

نووسینی ڕاپۆرت، دروستکردنی وێنە، ئامادەکردنی سیمینار و زانیاریی گشتی بەشێکی دیکەن لەو بوارانەی فێرخوازان خوازیاری فێربوونن لە ڕێگەی ژیری دەستکردەوە.

(Chat gpt, claude, gimini, deepSeek) لە دیارترین ئەو مۆدێلانەی ژیری دەستکردن کە پشتگیریی زمانی کوردی دەکەن و بۆ گفتوگۆ، نووسین، شیکردنەوەی زانیاری و ئەرکی جۆراوجۆر بەکار دێن.

هەروەها بۆ دروستکردنی وێنە زیاتر (Midjourney, DALL-E) بەکار دێت. بۆ دروستکردنی ڤیدیۆش (Sora, Runway Gen 2, Pika Laps) لە باشترین مۆدێلەکانن

شڤان هەرکی گەنجێکی خاوەن کارە و کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی سۆشیاڵ میدیای هەیە و بۆ ژمارەیەک شوێنی بازرگانی لە هەولێر کار دەکات، باس لە ئەزموونی کۆمپانیاکەی دەکات لەگەڵ بەکارهێنانی ژیری دەستکرد و دەڵێ پێشتر تیمەکەیان زۆر کاتی پێویست بووە بۆ دروستکردنی ناوەڕۆک و نووسینی پۆستەکان، بەڵام ئێستە بە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد توانیویانە کارەکەیان سێ هێندە خێراتر بکەن.

سەرەتا کارمەندەکانی ئەو کۆمپانیایە دوودڵ بوون لە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد، بەتایبەتی کە زۆربەی ئامرازەکان بە زمانی کوردی کارا نەبوون. بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بینییان ئەم ئامرازانە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە لە توانای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانی کوردی.

هەرکی ئاماژەش بەوە دەکات کە کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر بازاڕی کار لە هەولێر دوو لایەنە. لە لایەکەوە، هەندێک کار کەم بوونەتەوە، بەتایبەتی ئەو کارانەی دووبارە و ڕۆتینین. لە لایەکی ترەوە، کاری نوێ دروست بوون کە پێویستیان بەشارەزاییی نوێیە لە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد. هەروەها پێی وایە کە ئەو کۆمپانیایانەی ژیری دەستکرد پەراوێز دەخەن لە داهاتوودا توانای کێبڕکێیان نامێنێت، دەڵێ ئەمە ڕاستییەکە کە هەموو خاوەن کار و کارمەندێک پێویستە لێی تێ بگەن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمپانیای Gartner، چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٥ زیاتر لە ٧٥٪ی دانیشتوانی جیهان بەشێوەیەک لە شێوەکان و بەبێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن، ڕۆژانە لەگەڵ ئامرازەکانی ژیری دەستکرد کارلێک دەکەن. ●

مام دەروێش

# ئەمبوڵانسەکەی گوندی کێشکێ



„ لە گوندی کێشکێ پیاوێك بە حەفتاساڵی تەمەنەوە دەستبەرداری شێوەی ژیانی جارانی نابێ، کاروباری ڕۆژانەی خۆی و هاتوچۆی بۆ هەولێر بەماتۆڕسیکلە دوبەکەی بەجێ دەگەیەنێت کە لە ڕۆژانی ڕاپەرینی شارەکەدا برینداری پێ دەگواستەوە، ئێستەش لە ڕێگەی ئاموور و بەگوێدرێژ زەوییەکانی بۆ کشتوکاڵ دەکێڵێت. “

**گڵکەند**

لەلایەن خەڵکی گوندەکەیەوە بە «مام دەروێش» بانگ دەکرێت، پیاوێکی سەروڕدێن سپی و بە ویقارە. ناوە ڕاستییەکەی کەریم ئەحمەدە و لەدایکبووی ١٩٥٣ی گوندەکەیەتی لە سنووری هەولێر.

لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووەتە دەروێشی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی ڕێبەری ئەو کاتی تەریقەتەکە، بۆیە نازناوی مام دەروێشی پێوە لکاوە، بەڵام بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە و زیادبوونی بەرپرسیارێتییەکانی، چیی دی بە دەروێشاتی ڕانەگەیشتووە و لە بریی شمشێر و تیغ، ملی داوەتە بەر پەیداکردنی بژێوی.

مام دەروێش لەلایەکی دیکەوە وەک کوڕە گەورەی ماڵ، مردنی باوکی دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان، بەتایبەتی کە دایکیشی شوو دەکاتەوە، بەمەش بەرپرسیاریەتیی دوو برا و خوشکێکیشی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەو پیاوە پیرە، باڵا مامناوەندی باریکەلەیە، بە کورتەک و شەرواڵەکەیەوە بەنێو گوندەکەیدا دەگەڕێ، بەدەم ڕۆیشتن و ناساندنی شوێنەکانی نێو گوندەکەیەوە کە دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ هێشتا ڕووداوەکانی لە مێشکدا هەڵگرتوون، باسی ماتۆڕسیکلەکەی و دوبەکەی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە «مانتۆڕەکەم یابانییە، مۆدیل هەشتاودووە، ئەمن ساری هەشتاوسێ بە هەزاروپەنجا دیناری لەناو گریسی کڕیم، هەینێ بەو پارەی لە هەولێرێ دەتتانی دوو قەتعە عەردی بکڕی، ڕەقەم و سەنەویشی هەیە و بەناوی خۆشمە”.

شانازیی زۆر بەو ڕووداوەوە دەکات کە لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ی هەولێر ماتۆڕسیکلەکەی لە بریی ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتن بەکار هێناوە و دەڵێ «هەینێ گوند هەرگیرابوو، مارمان لە هەولێرێ بوو، ئەمن بەو مانتۆڕەی لە ڕۆژی ئینتیفازەی شازدە بریندارم گۆستەوە لۆ خەستەخانەی تەواری، ئێستەش زۆر جاران هەر بەو مانتۆڕەی دێمە هەولێرێ، دەست و پێمە هەموو ئیشەکی پێ دەکەم”.

مام دەروێش دوو جار هاوسەرگیریی کردووە، کچێک و دوو کوڕی هەیە، ئێستە لە ماڵەکەیدا تەنیا خۆی و هاوژینەکەی دەژین، باسی ئەو ئامووڕەش دەکات کە زیاتر لە سی ساڵە زەویی پێ دەکێڵێت و پێی باشترە لە ئامێری نوێ و دەڵێ “پاش ئەوەی گوند ئاوەدان بۆوە، ئەمنیش هاتمەوە و ئەو ئامووڕەم لە دار مازی دروست کرد، دوو کەری لێ دەبەستم و عاردی ڕەزەکانی پێ دەکێڕم، لە تەنەکتەری باشترە، چونکێ تەنەکتەر عاردی تێک دەدات، وەختی نۆهەدەکان لۆ عالەمێ عاردم دەکێڕا، ڕۆژی بە سی دیناری، بەران ئێستە تاقەتەکەی جارانم نەمایە، لۆیە بەس عاردی خۆم دەکێڕم”.

ئاموور ئامێرێکی کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە دارجۆت، دەستەمستە، لاپوت و گیابڕ پێک دێت، لە ڕێگەی گوێدرێژەوە کاری پێ دەکرێت.

ئەو، ژیانی کێشکێی لە هەولێرێ پێ خۆشترە، دەڵێ شارەزای بست بەبستی گوندەکەیەتی و هەموو دار و بەردێکی دەناسێتەوە، هەر لە کانی و دارەکانیەوە تاوەکو ژمارەی خانووەکان و ماڵ و منداڵ و دانیشتوانی گوندەکە، ئەو باسی مێژووی دارەبەنەکەی گوندەکەشیان دەکات کە لە کەسانی پێش خۆی گوێ لێ بووە و تەمەنی لە ٣٠٠ ساڵ زیاترە، دەشڵێ دوو کانی لە کن دارەکەی هەن، یەکیان ئی پیاوان و ئەوی دی ئی کانی ژنانە.

ئێستە تەنها یازدە ماڵ لە گوندەکە ماون، مام دەروێش بەدەم قسەکردنەوە لەگەڵ خزمەکانی لە ڕێگەی مۆبایلەوە، بەدڵێکی پڕەوە باسی لەوە دەکرد کە جاران زیاتر لە حەفتا ماڵ لەو گوندە دەژیان، هیواشی ماوە کە ڕۆژەک خەڵک ڕوو لە گوند بکەنەوە و دەست بدەنەوە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. ●



وێنە: هێمن بابان

بتشکێن



گۆران سەباح

## ئەمن و ئەنجێلینا جولی بەپێخواسی

لە بەرنامەی (تەڤن)ی وارتیڤی بەپێخواسی ئامادە بووم.

بەشێکی ڕۆشنبیران پێی قەڵس بوون و زیاتر لە بیست وتار هاتنە بلاڤکرن لەسەر وێ بابەتێ. بەرنامەکە لە میدیای عەرەبییش دەنگی دایەوە. هیچیان تخوونی ڕەخنەکانی من نەکەوتن، تەنێ باسی پێخواسییەکەیان کرد. باسی پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونم کرد، کە دوو هەیڤ بەری نووکە لێرە لە (گڵکەند) بەوردی قسەم لەسەر کردبوون

تەنگاوبوونی ڕۆشنبیران لەسەر پێخواسییەکەی من و جلی سادەی من نەبوو، باوەڕ ناکەم ئەوان هێندە گرینگی بە ڕووکەش بدەن. بە ڕەخنەکانم تەنگاو بوون، بەوە تێکچوون کە ئەمن لە بنی کودیم دا، کاتێ باسی سیفەتەکانی ڕۆشنبیری کوردم کرد، کاتێ پێوەری نوێم بۆ ڕۆشنبیربوون دانا. بەس خۆیان لە قەرەی قسەکانم نەدا، چونکە دەزانن ڕاست دەکەم. حەق ڕەقە.

دەبێ ڕەخنە ئەوها بتهێشینی لۆ وەی جێی خۆی بگریت، کاریگەری هەبی و گۆڕانکاری دروست بکا و بتەکان بشکێنی.

سەتبارەی دەکەمەوە، ڕۆشنبیرانی کورد (زۆربەیان) وەک جادەوبانی کوردستان سەلامەت نین. دەگە لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەدەن و مشەخۆرن. بۆیە دەبێ هەموو بتەکانی نێو ڕۆشنبیری تێک بشکێنین و ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بێنە مەیدان.

لە بەرنامەکەدا گۆتم نیچە فاشیل بوو، ئەمن گوێ لە فاشیلان ناگرم. گۆتم کۆمەڵگەی ئەڵمانی و تەواوی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ڕوو لە داڕمان و هەرەسهێنانە.

هەموو کورد بوویتە محامیی نیچە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بەرگرییان لێ دەکەن.

حەفتەیەک دوای من، ئەنجێلینا جولی بەپێخواسی چووە بەرنامەی (تونایت شۆ)ی جیمی فالۆن.

ئەو وەک من هیچ پەیامێکی لە پشت نەبوو، گۆتی پەنجە گەورەی شکاوە بۆیە نەیتوانی پێڵاو لە پێ بکات.

ئەمنی قوڕبەسەریش دەبێ ئیللا بەپێخواسی بچمە بەرنامە، هەتا بەو کۆمەڵە گایەی بڵێم وەرن تەماشای زانکۆکانتان بکەن بزانن کو بوویتە شوێنی مۆدە و عەرز ئەزیا، وەرن تەماشای بازاڕی تەجمیل بکەن، بزانن کو ئەو هەموو پارەیە سەرف دەکرێت لە ڕووکەش، وەرن بزانن چەندە بایەخ بە ڕووکەش دەدەن و چەندە کۆلەوارن و هیچتان پێ نییە.

شەنسم هەبوو ئەنجێلینا پاش من وای کرد، ئەگەر نا، دەیانگۆت ئەوە لاسایی وی کردیتەوە ●

# یەک ملیۆن دۆلاری بۆ خاتری پاراستنی مێژوو ڕەت کردەوە

گڵکەند

لە گۆشەیەکیماڵەکەیدا لە هەولێر، دوور لە ژاوەژاوی بازاڕ و ژیانی مۆدێرن، پیاوێک دانیشتووە، گەنجینەیەکی بێ وێنە دەپارێزێت.

کۆمەڵێک ئەلبومی کۆنی پڕ لە پارچە کاغەزی بچووکی ڕەنگاوڕەنگی کۆ کردووەتەوە کە «پوولی پۆستە"ی پێ دەڵێن.

بۆ ئەو، ئەم پوولانە هەر کاغەزێک نین، بەڵکو پەنجەرەیەکن بە ڕووی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی هەرێمی کوردستان.

یونس محەمەد (تەمەن ٥٧ ساڵ)، فۆتۆگرافەرێکی ڕۆژنامەوانیی نێودەوڵەتییە، بەڵام سەرەتای چیرۆکەکەی لە خولیای کۆکردنەوەی پوولدا، بۆ ساڵانی منداڵی دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە بەهۆی ئاوارەبوونییەوە لە شاری بیرژەندی ئێران بوون، بەشێک لە خێزانەکەشی لە شارەکانی دیکەی ئێران، باوکی بۆ نامە گۆڕینەوە پوولی هێناوەتەوە ماڵەوە و لە زەرفی نامەکانی داوە، یونس لە بارەی پوولەوە پرسیار لە باوکی دەکات، بە بیرهاتنەوەیەکی پڕ لە سۆزەوە دەڵێت "باوکم هەمیشە پێی دەگوتم، کوڕم، وڵات ئەو کاتە وڵاتە کە پوول و ئاڵای هەبێت. ئەو قسەیە وەک نەخشێک لە مێشکمدا مایەوە". هەر لەو کاتەوە، کۆکردنەوەی پوول بووە بەشێک لە ژیانی و هەر پوولێک چیرۆکێکی نوێی بۆ دەگێڕایەوە.

ئەو پیاوە ئاماژە بەوە دەکات سەردەمێک ژمارەیەکی زۆر لە پوول، کتێب و ڕۆژنامەی ئێرانی کۆ کردبووەوە، بەڵام جارێک لە تەمەنێکی مێرمنداڵی و جارێکی دیکەش بۆ بەردەوامیی خوێندنی زانکۆی بەهۆی باری خراپی داراییەوە سەرجەم کۆکراوەکانی فرۆشتووە.

دوای گەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٨، ڕۆژێک لە شوێنی کارەکەی نامەیەک بەدەست شەهید سەعد عەبدوڵڵا وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێریی پێشووترەوە دەبینێ کە پوولێک بە زەرفی نامەکە وەیە و باڵەخانەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی لەسەر نەخشێنراوە، ئەمە یەکەمین جار بووە کە زانیویەتی کوردستان پوولی تایبەت بەخۆی هەیە.

بەم هۆیەوە سەرلەنوێ بەشێوەیەکی سیستەماتیک و زانستییانە دەستی بەکارەکەی کردەوە. لەو ساڵەوە تا ساڵی ٢٠١٤، تەنیا کۆکەرەوەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بووبووە ئەرشیفکارێکی وردی مێژووی نیشتمانەکەی.

ئەو بەدوای پوولە دەگمەنەکاندا دەگەڕا، لە بازاڕە کۆنەکاندا، لە ڕێگەی ناسیاوەکانەوە و تەنانەت لەگەڵ کۆکەرەوەکانی تری جیهان ئاڵوگۆڕی دەکرد.

کۆلێکشنەکەی ئەو بووە شایەتحاڵێکی بێدەنگی گۆڕانکارییە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان.

نایشارێتەوە کە پارەیەکی زۆری لە کڕینی ئەم پوولانە خەرج کرد، چونکە ئەگەر خەڵکی بە دانە پوولیان کۆ کردبێتەوە، ئەوا یونس سەرجەم پوولەکانی بە شیتی تەواوەوە پاراستووە، باس لەوە دەکات بەشێکی زۆر لە شیتەکان لە هیچ شوێنێک نەماون و تەنیا ئەو پاراستوونی.

لە ساڵی ٢٠٠٣ شیتێک لە پوولی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کەسێک بە دوو هەزار دۆلار دەکڕێت، وەک خۆی دەڵێت "بۆ ئەو کاتە پارەیەکی خەیاڵی بوو".

## قۆناغی پێش 1991

هەرێمی کوردستان بەشێک بوو لە دەوڵەتی عێراق و تەنیا پوولی فەرمیی حکوومەتی ناوەندی بەکار دەهات. هیچ پوولێکی تایبەت بە کوردستان نەبوو.

## قۆناغی 1991 - 2003 (پوولی نافەرمی):

دوای ڕاپەڕین، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی کارگێڕی، پوولی تایبەت بەخۆی دەرکرد. یەکەمین پوول وێنەی باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر بووە و بە دوو ڕەنگی جیاواز و بە کاغەز و ستیکەر لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا چاپ کراون، دواتر بەپێی پێویستی ساڵانە پوول چاپ کراوە، ئەم پوولانە سیمبولی نەتەوەییی کوردیان وەک (ئاڵا، پێشمەرگە و کەسایەتییەکان) لەسەر بوو، بەڵام تەنیا لە ناوەخۆی هەرێمدا کاریان پێ دەکرا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دان پێ دانراو نەبوون.

## قۆناغی دوای 2003:

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، سیستەمی پۆستەی هەرێم گەڕایەوە سەر سیستەمی فیدراڵیی عێراق. لەو کاتەوە تا ئێستە، تەنیا پوولی فەرمیی عێراق لە هەرێم بەکار دەهێنرێت کە سیمبولی نەتەوەیی، مێژوویی، کولتووری و شارستانیی هەرێمی کوردستانیان لەسەر نەخشێنراوە و لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە دان پێ دانراوە.

لە بارەی ژمارەی پوولەکانەوە یونس محەمەد بەدیاریکراوی نازانێت ژمارەیان چەندە، بەڵام زیاتر لە ٢٥ ئەلبوومی لە شیتی پوولی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵگرتووە. بۆ پاراستنی کۆلێکشنەکەی لە ئەگەری تێکچوون یان سووتان، ئەلبوومی تایبەتی بۆ دروست کردووە و لە شوێنێکی پارێزراو هەڵی گرتوون.

بەهای ئەم ئەرشیفە مێژووییە تەنیا لای یونس و چەند شارەزایەکی ناوەخۆیی ڕوون نەبوو. ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە، ڕۆژێک، کەسێکی بیانی کە پسپۆڕ بوو لە بواری پوولدا، سەردانی دەکات و کاتێک چاوی بەم گەنجینەیە دەکەوێت، سەرسام دەبێت. ئەو بڕیار دەدات بە هەر نرخێک بێت دەستی بکەوێت و زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار لە بەرامبەر تەواوی کۆلێکشنەکە دەدات.

یونس دەڵێت، بۆ هەر کەسێکی تر، ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بوو کە ژیانی بگۆڕێت، بەڵام بۆ ئەو، وەک ئەوە بوو داوای لێ بکرێت پارچەیەک لە ڕۆحی خۆی بفرۆشێت. ئەو بێ هیچ دوودڵییەک پێشنیازەکە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ "چۆن دەتوانم ناسنامەی گەلەکەم بفرۆشم؟ باوکم فێری کردم کە پوول و ئاڵا ناسنامەی وڵاتن. ئەم پارچە کاغەزانە یادەوەریی خوێن و فرمێسک و قوربانیدانی ئەم خاکەن، نرخیان بە پارە ناپێورێت".

ئێستە کە یونس محەمەد تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچێت، گەورەترین خەون و ئاواتی، مسۆگەرکردنی داهاتووی ئەم یادەوەرییە. ئەو هیواخوازە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان لایەنێکی کولتووری، هەنگاوێکی جدی بنێت بۆ دامەزراندنی «مۆزەخانەیەکی نێودەوڵەتیی کولتووری» کە بەشێکی تایبەت بێت بە پوولی پۆستەی کوردستان.

پیاوەکە ئەلبوومەکانی دادەخاتەوە، کە وەک ڕۆحی خۆی دەیانپارێزێت و دەڵێت «ئەمانە دەبێت لە شوێنێک بن بەڕاستی نرخیان بزانرێت و بپارێزرێن».

پوولی پۆستە پارچە کاغەزێکی بچووکە کە وەک بەڵگەی پێشوەختە دانانی کرێی پۆستە بە نامە یان پاکەتەوە دەلکێنرێت. ئەم داهێنانە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٤٠ لە بەریتانیا بەکار هات، کاتێک یەکەم پوول بەناوی «پێنی ڕەش» (Penny Black) دەرچوو کە وێنەی شاژن ڤیکتۆریای لەسەر بوو. ئامانجی سەرەکیی سادەکردنەوە و هەرزانکردنی سیستەمی پۆستە بوو، چونکە پێشتر زۆربەی کات وەرگری نامەکە دەبوو پارەی گەیاندنەکەی بدایە، بەڵام پوول وای کرد نێرەر پارەکە پێشوەختە بدات. ●



وێنە: گەیلان حاجی

# خانی گەورە

# ناوەندی بازرگانیی کۆیە بووە

**شلێر سەعید**

خانێکی تەمەن ١٦٥ ساڵ، هێشتا دیوارەکانی پتەوە، باوەڕ ناکەی دەرگە دارەکەی بەر لە سەدەیەک نوێ کراوەتەوە، کەچی توند خۆی بەدیوارەکەوە هەڵواسیوە و بەجێگیری ماوەتەوە.

ئەمە خانی گەورەیە، وەختی خۆی چەقی ناوەندێکی بازرگانی بووە لە کۆیە، کە خانی مەحموود ئاغای غەفووریی پێ گوتراوە، لە هەندێک شوێنیش بە کاروان سەرا دەناسرا.

خانی گەورە بەڵگەیەکی ڕوونە کە شاری کۆیە لە سەردەمێکدا مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە لە نێوان کوردستان و عێراق، ئێران و سووریا. هەرچەندە ئێستە خانەکە لە لێواری داڕمان دایە و پێویستی بەنۆژەنکردنەوەیە، بەڵام هێشتا گەشتیاران سەردانی دەکەن.



هێمن نەعمانی شوێنەوارناس، شوێنەواری خانی کۆیە بەیەکێک لە ئادگارە کەلەپوورییە سەرەکییەکانی کۆیە دەژمێرێت و دەڵێ لە لیستی تەلارە کەلەپوورییەکانی کۆیەدا ژمارە ١٠ی پێ دراوە.

تەلارەکە دەکەوێتە گەڕەکی بایزاغا، لە سەردەمی خۆی کەوتبووە ناوچەقی شار و نزیک قەیسەری و مزگەوتی مەلای گەورە.

بەگوتەی ئەو، کە لە بەڕێوبەرایەتیی شوێنەواری کۆیەش کارمەندە، خانەکە لە دوو نهۆم پێک دێت، زیاتر لە ٦٠ ژووری تێدایە، ڕووبەرەکەی یەک هەزار و ٣٥٦ مەترە، ساڵی ١٨٦٠ی زاینی دروست کراوە

خانی گەورە لەلایەن مەحموود ئاغای غەفوورییەوە بۆ مەبەستی بازرگانی دروست کراوە، بەهۆی ئەوەی کۆیە کەوتبووە سەر هێڵی گواستنەوەی بازرگانیی گشتی لە نێوان کەرکووک، هەولێر، سلێمانی، مووسڵ و بەغدا. لەو ناوەدا هیچ ئاوەدانییەک لە شێوەی شار نەبووە، قەڵادزێ و ڕانیە هەبوون، بەڵام گوندی بچووک بوون، بۆیە ئەو خانە گرینگییەکی گەورەی هەبووە.

ئەو کات کۆیە ئاوەدانییەکی گەورە و ناوەندێکی بازرگانی بووە بۆ ساغکردنەوەی شتومەک و کاڵاکانی ناوچەکانی پشدەر و خۆشناوەتیش، لەوێشەوە شتومەکەکان بە ئاراستەی هەولێر و کەرکووک گوازراونەتەوە، زۆربەشی لە ڕێگەی زێی بچووکەوە بە کەلەک گوازراونەتەوە، لە ڕێگەی وشکانیشەوە بە وڵاخ شتومەکیان گواستووەتەوە، بە ئاراستەی پێچەوانەشەوە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بە باری وشتر کەلوپەل هێنراوە بۆ کۆیە

شوێنەوارناسەکەی کۆیە پێی وایە لە خانەکەدا گرینگی بەنەخش و نووسین نەدراوە، تەنیا لەسەر دەرگەی سەرەکی چەند دێرە شیعرێک هەیە، ئەویش وەک پێداهەڵگوتنە بەخاوەنەکەی کە دروستی کردووە، لە ناوەوەش نەخش و نیگاری کەم هەیە، کە زۆر سادەن، تەنیا لەسەر دەرگە و پەنجەرەکان دەردەکەون، پێکهاتەی بینایەکەش بەرد و گەچە لەگەڵ خۆڵ، بۆ بنمیچیش گۆزەی بەتاڵ دانراوە پاشان خۆڵیان تێ کردووە، کە لە شێوەی گومبەتە، دانانی ئەو گۆزە بەتاڵانە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لە ڕووی ئەندازیارییەوە، کێشی سەر بنمیچەکانی کەم کردووەتەوە، گۆزەکان قەبارەیان مامناوەندە و ئەو تەکنیکە لە کۆیە زۆر باو بووە و لە شارەکانی دیکە نابیندرێ. هەروەها ناشهێڵێ سەرما و گەرما ڕاستەوخۆ بێتە ناوەوە، لە ڕووی ئابووریشەوە یارمەتیدەر بووە و کەمتر خۆڵی ویستووە.

هەروەها باس لە وێکچوونی خانەکە دەکات بە تەلارەکانی مووسڵ و حەلەب، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی تەکنیکی کەوانەییی تەواوی نووک تیژ بۆ بنمیچی بەر هەیوانەکان و تەکنیکی گومەتی بازنەیی یان شێوە لانکەییی نیوە لوولەیی بۆ بنمیچەکان.

ئەگەر بەراورد بە ئێستە بکرێت، خان لە جێی عەلوە بووە یان بازاڕێکی کۆفرۆشی بووە، بازرگانەکان شتەکانیان هێناوەتە ئەو خانە، لەوێوە دابەشی سەر دوکانەکان کراوە، خانەکە چەندین ژوور و میوانخانەی تێدا بووە، ئەو بازرگانانەی دەمانەوە لە نهۆمی سەرەوە شوێنیان بۆ دابین کرابوو، لە نهۆمی خوارەوەش هەندێک ژوور وەک کۆگە بەکار دەهاتن، هەندێک لە ژوورەکانیش دەکران بەتەوێڵەی ئاژەڵ.

هێمن نەعمان دەڵێت گرینگیی مێژوویی ئەو خانەی کۆیە لەوەدایە کە هیچ خانێکی تری لەم شێوەیە لە شارەکانی کوردستان نەماون، زۆربەیان لەناوچوون یان بەشێوەیەک نۆژەن کراونەتەوە کە تایبەتمەندییان لەدەست داوە، بەوانەی شاری کەرکووکیشەوە. ●





رەزا سەید گوڵ بەرزنجی


## ناو و هێندێک لە کێشەکانی

چەند ساڵێک لەمەوپێش، لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، کاتێ ململانێی شیعە و سوننە لەوپەڕیدا بوو و خوێنی یەکتریان فڕ دەکرد، بۆ گەلێک کەس ناو بووبوو بە بەڵا و کێشە و مەترسی بە ڕادەی کوشتن دەگەیشت، گەر کەسێک ناوی عومەر، عوسمان و ئەو ناوانە بوایە کە شیعە حەزی پێ ناکات، بکەوتایەتە دەست گرووپە توندڕەوەکانی شیعە، یان کوژرابوو یان بە پارەیەکی قەبە ئەوسا ڕزگاری دەبوو، بەپێچەوانەشەوە گەر کەسێک بکەوتایەتە نێو بازنەی سوننەکانەوە ناوی عەلی، عەباس و حوسەین بوایە و بەشیعەیان بزانیبا، دەکوژرا یان بەپارەیەکی زۆر ڕزگاری دەبوو، ناچار خەڵکەکە بۆ ئەوەی کێشە و مەترسیی ئەم ناوانە لەخۆ دوور بکەنەوە، ناسنامەیان هەڵنەدەگرت و لەنێو ئەو گرووپانەدا ناوێکیان لەخۆ دەنا کە لە هەردوولا بیخوات.

زۆر جار وا ڕێک کەوتووە، دوو کەس ناوی سیانیان یەک بووە و یەکیان کێشەیەکی دادگەیی یان هەر بابەتێکی دیکەی لەسەر بووە، هانا بۆ ناوی دایک برایە و کێشەکە چارەسەر بووە.

هەر لەسەر کێشەی (ناو)ەوە، باوکم بۆی گێڕامەوە کە لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم و سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول، لە بازگەی هەولێر- مووسڵ سەربازی بازگەکە ناسنامە لە سەرنشینەکانی ئۆتۆمۆبێلێک داوا دەکات، کەسێک بە ناوی مەلا مستەفای تێدا دەبێت، سەربازەکە پێی دەڵێت تۆ مەلا مستەفای؟ ئەویش چونکە ناوێتی دەڵێت بەڵێ، دایدەبەزێنێت و دەیکاتە هەڵڵا و یەکسەر بۆ دایرەی ئەمنی هەولێر ڕاپێچی دەکەن، لەوێش تا دەگاتە لای مودیر لێی دەدەن، لەو کەین و بەینەدا مەلا تێ دەگات مەسەلە چییە!؟ کە دەگاتە لای مودیری ئەمن، لێی دەپرسێت ناوت چییە؟ دەڵێت مەلا مستەفا، بەڵام ئەو مەلا مستەفایەی بەدوایدا دەگەڕێن وا لە چیایە، مودیری ئەمن زانی کێشەکە هی ناوەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێی گوت گەر دەتەوێ ڕزگارت بێت، جنێو بە مستەفا بارزانی بدە، مەلا لەم شوێنە سەختە دادەمێنێ و پاشان سەرهەڵدەبڕێ و دیبلۆماسییانە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "ئەو کەسە سەگ و سەگبابە کە هێنایەوە، ئەو کەسە بێ عەقڵ و نەزانە کە هێنایەوە، ئەو کەسە وا و وا لێ کراوە کە هێنایەوە، ئەو کەسە گێل و نەفامە کە هێنایەوە، ئەو لە ڕووسیا پەناهەندە بوو، ئەگەر زەعیم لەگەڵ بارزانی ڕێ نەدەکەوت، بۆ دەیهێنایەوە؟". مودیرەکەش پێی دەڵێت تۆ پیاوێکی عاقڵی، داوای چایەکی بۆ دەکات، ئەو مشتومڕەشیان بە عارەبی بوو، پاشان ئیزنی دا، ئەمەشیان یەک لە هەزاران کێشەی ناو. ●

# دەستگیرکردنی قوتابییەکی سلێمانی لەسەر دروشمی یەکگرتنی پێشمەرگە لە هەولێر


مد يرية شرطة محافظة اربيل
ـ القلم السرى ـ
العدد / ٢٩ / ٨٩٧
التاريخ / ١٩٨٢/٣/١٦

الى / محافظة اربيل
م / القبض على مخربين

ليلة ١٥/١٦ / ١٩٨٢/٣ تمكنت مفارزنا و دورياتنا في مدينة اربيل من القاء القبض على المخربين المدرجة اسمائهما ادناه و حسب التفاصيل التالية :ـ

١) تمكنت دورية مركز شرطة خانقاه من القاء القبض على المخرب سيروان محمد صالح عمره عشرون سنة من اهالي السليمانية طالب في كلية الهندسة جامعة صلاح الدين في اربيل و هو يقوم بكتابة الشعارات المعادية لقيادة الحزب و الثورة و معركتنا العادلة و تم تسليمه الى مديرية امن اربيل حسب العائدية و بطيه صوره من تلك الشعارات التي ضبطت بحوزته •

٢) تمكنت دورية مكافحة الاجرام من القاء القبض على المخرب سلام مصطفى عثمان عمره سبعة عشرة سنة من اهالي محافظة السليمانية قضاء رانية قرية مرته و تم تسليمه الى مديرية امن محافظة اربيل حسب العائدية

للتفضل بالاطلاع رجاء ••

المرفقات
صورة الشعارات باللغة الكردية
ترجمة الشعارات باللغة العربية

مقدم الشرطة
عزيز حسن حمد
مدير شرطة محافظة اربيل

نسخة منه الى /
مديرية الشرطة العامة / الحركات
مديرية الشرطة العامة / العلاقات
مديرية الشرطة العامة / الادارة
قيادة منطقة اربيل
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي
مديرية امن محافظة اربيل
مركز استخبارات اربيل
ضابط العلاقات و التوجيه السياسي

للتفضل بالاطلاع رجاء ••

**د. سنوور سەباح**

قوتابییەکی زانکۆ و گەنجێک کە یەکیان خەڵکی سلێمانی و ئەوی دی خەڵکی ڕانیە بوو، لەسەر دروشمی یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە، لەلایەن پۆلیسی ڕژێمی لەناوچووی بەعسەوە لە هەولێر دەستگیر کران.


بەپێی نووسراوێکی "نهێنی"ی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، کە بۆ دیوانی پارێزگەی هەولێر نێردراوە، شەوی پازدە لەسەر شازدەی ئاداری ١٩٨٢ هێزەکانی پۆلیس دوو کەسیان لە هەولێر دەستگیر کردووە و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێریان کردوون.

دوو کەسە دەستگیرکراوەکە یەکیان سیروان محەمەد ساڵح (تەمەن ٢٠ ساڵ)، کە قوتابیی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر بووە و خەڵکی سلێمانی بووە. دووەمیان سەلام مستەفا عوسمان (تەمەن ١٧ ساڵ) خەڵکی سنووری قەزای ڕانیە بووە.

لە نووسراوەکەدا، هیچ ئاماژەیەک بەتۆمەتی دەستگیرکردنی سەلام مستەفا عوسمان نەکراوە، بەڵام تۆمەتی دەستگیرکردنی سیروان محەمەد ساڵح بریتی بووە لە نووسینی دروشم دژی ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتییەکەی.

وێنەیەکی دروشمەکان بەزمانی کوردی بە وەرگێڕدراوی بۆ عەرەبی، لەگەڵ نووسراوەکە هاوپێچ کراوە و بریتین لە:

- یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەی کورد تاکە زامنی سەرکەوتنمانە.
- با نەورۆز بکەینە ڕۆژی یەکگرتن و یەکێتیی کورد.
- بەتوندی دژی تەتەوعپێکردنی جەماوەرین لەلایەن بەعسی دڕندەوە.
- با چیی تر خوێن نەڕژێ لە پێناوی قادسیەی جەلاد. ●


(١) یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەی کورد تاکە زامنی سەرکەوتنمانە
(٢) با نەورۆز بکەینە رۆژی یەکگرتن و یەکێتی کورد.
عیراقی
(٣) بەتوندی دژی ... بێ کردنی جاماوەرین لە
بەعس درندەوە
(٤) با چی تر خوێن نەرژێ لە پێناوی قادسیەی جەلاد

# قۆرتەکەی گڵکەند

**حوسامەدین سەرداری**

خەڵکی هەولێر دەزانن کە دانیشتوانی ئەو قۆرتە قووڵ و گەورەیەی نزیک وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر کە پێی دەگوترێت (گڵکەند)، ژیانێکی ناهەموار و کولەمەرگییان هەیە.

دانیشتوانی قۆرتی گڵکەند لە یەک هەزار و ٧٠٠ کەس پێک دێن، کە بەسەر ٣٣٧ خێزانی هەژار و کەمدەرامەتدا دابەش بوون.

بەرپرسانی حکومی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز بایەخیان بە ژیانی ئەم خەڵکەی گڵکەند دا، بەڕێز وەزیری ناوەخۆ لە مانگی شوباتی ١٩٥٩ کاتی سەردانیکردنی لیوای (پارێزگەی) هەولێر بارودۆخی ناڵەباری ئەم خێزانانەی بینی

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ئەندازیار عەبدولوەهاب حەسەن، چەندین نووسراوی فەرمیی بۆ چەندین بەرپرسی حکومی ناردبوو، کۆتا نووسراوی بۆ موتەسەڕیف (پارێزگار)ی هەولێر لە ١٤/٥/١٩٦١ ناردبوو، ئەویش بایەخی بە کێشەکە دابوو و چەندین جار سەردانی شوێنەکەی کردبوو، داواکاری و نووسراوی ئاراستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کردبوو. وەزیرەکانی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و پلاندانان بایەخیان بەم کێشەیە دابوو، چەندین نووسراو لە نێوان ئەم سێ وەزارەتە ئاڵوگۆڕی پێ کراوە

هەردوو وەزیری شارەوانییەکان و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بایەخیان بە چارەسەری ئەم کێشەیە دا، وەزارەتی پلاندانانیش چاوەڕێی وەڵامی بەرپرسانی وەزارەتی دارایی بوو سەبارەت بەدابینکردنی گوژمەی گونجاو پێش وەرزی زستان و باران و دووبارە نەبوونەوەی ناخۆشییەکانی سەرەتای زستانی پار.

لە نووسراوەکەدا هاتووە:

گڵکەند بریتییە لە قۆرتێکی قووڵ و فراوان و دەکەوێتە سەنتەری شاری هەولێر، دانیشتوانی گڵکەند خێزانە کەمدەرامەتەکانی ڕژێمی پێشترن لەبەر گرانی کرێی خانووبەرە و نەبوونی شوێنی گونجاو، چوونەتە ئەوێ و خانووی بچووک (کۆلیت)یان بە قوڕ و خشت دروست کردووە، هیچ خزمەتگوزارییەکی پێویستیان نییە و بێ کارەبان. ئەو خێزانانە دوایین جار لە لافاوەکەی ڕۆژی (١٨/١١/١٩٦٠) ژیانێکی کولەمەرگییان بەسەربرد، چەندین خانوو و کۆلیت بەهۆی باران و لافاوەکە ڕووخان و بێ ڕێوشوێن مانەوە.

بۆیە بەرپرسان ڕێگەچارەیەکی گونجاویان دیاری کرد کە دانیشتوانی گڵکەند بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکەی گونجاو، ئەم قۆرتەش بکرێتە پرۆژەی پارکێکی دار و درەخت وگەشتیاری.

- ئەو بابەتە ڕۆژی (٥/٩/١٩٦١) لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی (هەولێر) کە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر پێش ٦٤ ساڵ دەری دەکرد، بە زمانی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە. ●

# کامەران موکری

## چیرۆکی جوانی و خۆشەویستیی خەڵکی هەولێری بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوە

**گڵکەند**

کامەران موکریی نووسەر، شاعیر و سیاسەتوان، کاتێک بەمەبەستی وانەگوتنەوە بە قوتابیانی زانکۆ هاتە هەولێر، بڕوانامەی زانکۆی نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەزموونی دەوڵەمەندی لە زمان و ئەدەبدا، بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپێردرا، لە کۆتاییشدا هەر لە هەولێر ماڵئاواییی لە ژیان کرد.

محەمەد ئەحمەد تەها ناسراو بەکامەران موکری، ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی لەدایک بووە و بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ موکریان. بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانی ٢٢ جار گیراوە، ئەو کامەران نەبوو، بۆیە ئەو نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژارد.

خاتوو ئەستێرە، کچی دووەمی کامەران موکری، بۆ (گڵکەند) چیرۆکی ئەو ماوە کورتەی ژیانی باوکی لە هەولێر دەگێڕێتەوە، باس لەو ساڵە دەکات کە زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە بۆ هەولێر، باوکی لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب مامۆستا بوو.

ئەستێرە کامەران باس لەوە دەکات کە باوکی بەهۆی لێهاتوویی لە زمانی کوردیدا، لەلایەن دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵەوە داوای لێ کرا لە زانکۆی سلێمانی وانە بڵێتەوە، ئەمەش سەرباری ئەوەی کە بڕوانامەی زانکۆی نەبوو.

بەگوتەی کچەکەی موکری، ئەو ناودارە کوردە لە هەولێر بەئاسوودەیی ژیاوە، هەمیشە هەولێرییەکانی بە خەڵکی زۆر باش و میواندۆست وەسف کردووە؛ هەر جارێکیش گەڕاوەتەوە سلێمانی، چیرۆکی جوانی و خۆشەویستیی خەڵکی هەولێری بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوە.


کامەران موکری نووسین و شیعری زۆری بۆ هەولێر هەبوو، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ترس لە دەزگە ئەمنییەکان بڵاوی نەکردنەوە، لە لای هاوڕێکانی هەڵدەگرت، لەم بارەیەوە کچەکەی بەداخەوە دەڵێ کەس هیچ لە نووسینەکانی بۆ نەگەڕاندوونەتەوە. لە هەمان کاتدا پێزانینی خۆی بۆ هەولێر دەردەبڕێ، کە پار ڕێورەسمێکیان بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی باوکی ساز کرد و بۆ ئەو مەبەستە داوەتی خانەوادەکەیان کرد بۆ هەولێر و ڕێزیان لێ نان، بەوە وەفا و ڕێزیان بۆ باوکی دووپات کردووەتەوە.

کامەران موکری لە سەردەمی ژیانیدا لە هەولێر، لە هۆتێل مێرگەسۆر دەماوە، خاوەنەکەی ژوورێکی بەشێوەی هەمیشەیی پێ دابوو، تا بەیانیی ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٦ مامۆستا کامەران ناچێتە دەوام، کە لە دەرگەی ژوورەکەی دەدەن؛ نایکاتەوە، دەرگەکە دەشکێنن؛ دەبینن مامۆستا کامەران گیانی سپاردووە.

موکری لە هەولێر کاریگەریی گەورەی لەسەر قوتابییەکانی هەبوو، یەکێک لە قوتابییەکانی دوکتۆر فەرهاد پیرباڵ بوو، کە هەمیشە باسی دەکات و بەمامۆستای ژیانی ناوی دەبات.

خاتوو ئەستێرە دەڵێ لە گێڕانەوەی تەرمەکەی باوکیدا بۆ سلێمانی، خەڵکێکی زۆر لە هەولێرەوە تا سلێمانی هاوەڵی بوون و بەشداریی پرسەکەیان کرد. ●

نووسین و شیعری زۆری بۆ هەولێر هەبوو، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ترس لە دەزگە ئەمنییەکان بڵاوی نەکردنەوە، لە لای هاوڕێکانی هەڵدەگرت، لەم بارەیەوە کچەکەی بەداخەوە دەڵێ ”کەس هیچ لە نووسینەکانی بۆ نەگەڕاندوونەتەوە“



### زامداریات



ئیسماعیل بەرزنجی

## شەوێک بۆ کوێخا سێوێ

کردبوومان بە عادەت، هەر کتێبێکی تازە دەرچووبا، دوای خوێندنەوەی، شەوێکمان تەرخان دەکرد تا گفتوگۆی لە بارەوە بکەین، عەزیزی مەلای ڕەش، ڕۆمانی کوێخا سێوێی بڵاو کردەوە، بۆ ئەو کاتە دەنگ و سەدایەکی زۆری نایەوە، چونکە ڕۆمان نووسین دەگمەن بوو، هەروەها ئەو زەخیرەی زمانی کوردی کە لەلای مەلای ڕەش بوو، دەگمەن بوو.

بڕیارمان دا بچین لە نادیی زراعی دابنیشین، گوتیان ئێرە ماڵی خورشید شێرە بووە، ئەمن دەستی بەسەردا گرتووە و کردوویانە بە نادی. زامدار کە هاتە ژوورەوە یەکسەر گوتی:

– دنیا، لە ماڵی خورشید شێرە، میسری دەکەن گێرە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران ئەو شەوە ئامادە بوون، زامدار ڕۆمانەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– کاکە، ئەمە حەدەسێکی سەقافیی گەورەیە، مەلایەکی موعەلیم، لە جیاتیی تەجوید و عیلمی عەرووز، ڕۆمانی نووسیوە، ئەو زمانە دەگمەنە شایەنی ئەوەیە موناقەشەی گەورەی دەربارە بکرێت.

هەر خۆی سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی دەکرد بۆ هەر یەکێک پێنج دەقە قسەکردنی دانا، هەریەکە و ڕای خۆی دەربڕی، بیروڕای جیاواز خرانە ڕوو، یەکێک دەیگوت دەبووایە ئەم ڕۆمانە فەرهەنگی هەبووایە، نەوەی ئێمە شارەزای ئەو کەلەپوورە نییە، هەبوو دەیگوت دەبێت ئەم ڕۆمانە بخرێتە ناو چوارچێوەی ڕۆمانی مێژوویی، یەکێکی دیکە دەیگوت تەکنیکی تازەی تێدا بەکار نەهاتووە، یەکێک کە لە هەموومان بەتەمەنتر بوو دەیگوت، پێویستە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، زامدار خەریکی تۆمارکردنی هەندێک لە بیروڕایەکان بوو، لە پڕ گوتی:

– برا لە قسەکانتان ورووژانی گەورە نابینم، دەبێت ئەو مەلایە بورووژێندرێ.

ڕووی لە مەلا عەزیز کرد و گوتی:

– مامۆستا پرسیارێک دەکەم، عێدز نابی؟

مەلا گوتی:

– ناوەڵڵا.

زامدار گوتی:

– مەلا، ئەو ڕۆمانە باسی کەری تێدا نییە، لە کاتێکدا لەو ناوچەیە حزوورێکی گەورەی هەبووە، هەندێک جار مرۆڤ دەست لەملانێی بووە

مەلا چاویلکەکەی داکەند، بە لچکی جەمەدانییەکەی قولینچکی چاوی سڕییەوە و گوتی:

– کاکە من باسی ژنێکی بەجەرگی ئەو ناوچەیە دەکەم، باسی کەری ناکەم.

زامدار پرسییەوە:

– مەلا گیان، سوودت لە تەکنیکی ڕۆمانی تازە، بەتایبەتی مۆنۆلۆژی ناوەوە و تەیار ئەلوەعی بینیوە.

مەلا وەرامی داوە:


– کاکە ئەتو بەکوردی قسەم لەگەڵ بکە.

زامدار سەیری ئەو تێبینییانەی کرد کە لای خۆی تۆماری کردبوون، دوای ماوەی نیو سەعات زیاتر قسەی کرد، بەر لەوەی دانیشتنەکە کۆتاییی بێت، مەلا عەزیز گوتی:

– مەمنونی هەمووتانم، بەس زامدار لە من نەگەیشتووە.

کۆتاییمان پێ هێنا، بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو کە زامدار ڕۆمانەکەی نەخوێندبووەوە. ●

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# ئەرێ لە هەولێری بینەری شانۆی هەیە؟

زۆر جار گێم لێ دەبی دەرێن وەڵڵا هەولێر بینەری شانۆی نییە، لۆیێ لە هەولێرێ شانۆ پێش ناکەوی و شانۆگەرییش کەم پێشکەش دەکرێ، ئەو قسە ناوەندی هونەریشی گرتیتەوە و گەلە جار هونەرمەندانیش باس دەکەن، ئەمن دەرێم: ئەگەر هونەرمەندان یەکگر بن و یەک دەست و یەک هیممەت بن و ئیشی جوان پێشکەش بکەن، تەئکید بن بینەری زۆرمان دەبی، ئەوە یێک، دووەمیان: ئەرێ ئەمە لە بیرمان کرد سارانی حەفتاکان و هەشتاکان، لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانی تەلعەت سامان و سەباح عەبدولڕەحمان و سەفوەت جەڕڕاح و سەعدون یونس، کو هۆری گەل و هۆری میدیا و هۆری ڕۆشنبیری ڕۆژانە پڕی بینەر دەبوون، ئەرێ وەبیرتان نایێ زۆر جار دائیرەی ئەمن دەهات و بەزۆری دەرکەی هۆری قەپات دەکرد و بینەرەکانی دەردەکرد، دەیگۆ بڕۆن لێرە مەمینێن، شانۆگەری پێشکەش ناکرێ.

خزمینە، بینەری پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیادی کردییە نەک کەم، ئێستاش خەرکی هەولێرێ تامەزرۆی دیتنی ئیشی جوانە، سێیەمیان: ساری ١٩٩٥ تیپی (پێشڕەو) هاتنە هەولێرێ و شانۆگەریی (ئەحەی کرنوو)یان پێشکەش کرد، ئەمن بەدەردەسەری ڕۆژی نۆیەم تانیم بچمە ژۆرێ و تەماشای بکەم، پێراریش لەو شارەی هەولێرێ شانۆگەریی وا پێشکەش کرایە بیست و نۆ ڕۆژ لەسەر یێک ئیشی کردیە و هەموو ڕۆژێ ناو هۆری پڕ بووە، ئەگەر ستافی شانۆگەرییەکەی نەڕۆیشتبان، تەئکیدم دوو مانگی دیش ئیشی دەکرد، شانۆگەرییەکەش شانۆگەریی (دوا ڕۆژەکانی بابلۆ) بوو، کە تیپەکە لە شاری سلێمانی هاتبوون، لۆیێ دەنووسم کار و ئیشی جوان بینەری زۆرە و خەرکەکی زۆر تامەزرۆیتی، بێجگە لەوەش هەر ئیشەکی شانۆیی دەبی مەکینەکی گەورەی ڕاگەیاندن و ڕیکلامی لەپشت بی، لۆ نموونە لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆگەریی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ، یێک لە ستافی ئیشەکەی چار پێنج جار تەلەفۆنی لۆ من کرد و گۆتی: پێنج کورسی پێشکەشی جەنابت کرایە و بەخۆ و بەچار کەسان وەرن گەورەمان کەن، تەئکیدم لۆ هەرچی هونەرمەندی هەولێرێیە نامەیان ناردبوو، بەڕاستی ڕیکلامەکی بەهێزی لەپشت بوو، بەران ئەتو شانۆگەری پێشکەش کەی و بەتەما بی بەداکوتینی تەختەکی ڕیکلامی لە جادەی باتەی خەرک بێ، بەخوای نایێ، دەرێن دەورەمەندەکی ئەمریکی گۆتیتی: ئەمن ئەگەر دە دۆلارم پێ بی و بمەوێ ئیشی پێ بکەم، شتەکەی بە دۆلارەکی دەکڕم و نۆ دۆلاری لۆ دەکەمە ڕیکلام و دەنگ و دۆر، هەتا خەرک لە دوو شتەکەی بگەڕێ و بیکڕی.



وێنە: گەیلان حاجی

”ئەگەرچی تەمەنی هەڵکشاوە و باری تەندروستیی لەبار نییە وەك جاران ئاوازی دڵڕفێن بە عودەکەی بژەنێ و هێشتایش ”بوخچەی نەکراوە“یە، بەڵام بە ڕۆحێکی گەنجانە ئاشقی ژەنینی عود و هونەری کوردییە و بەگەنجان دەڵێ «تەنیایی هەر بۆ خوا باشە«!.“

## هونەرمەندە تەنیاکەی هەولێر

# میوزیکی بۆ مشکۆ و تایەر تۆفیق ژەنیوە

**گڵکەند**

ئەحمەد خدر ناسراو بە ئەحمەد شەنگە، هەشتا و نۆ ساڵ لەمەوپێش لە ڕەواندز لەدایک بووە. هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە هەستی بە بەهرە هونەرییەکەی کردووە و لە چالاکییە هونەرییەکانی قوتابخانە بەشداریی کردووە، جگە لە ژەنین بەهرەی وێنەکێشانیشی هەبووە و لە پێشانگەی قوتابخانەکانی سەر ئاستی هەولێردا بەشداریی کردووە.

ئەو چیرۆکی هونەریی خۆی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ «پاش ئەوەی ساری پەنجا و هەشت متەوەستەم تەواو کرد، لەگەر یەحیا مەرجانی پێکەوە چووینە مەعهەد فنون جەمیلەی بەغدایێ، لەوێ ئیختبار کراین و ئەمن لە قسمی مۆسیقای وەرگیرام، یەحیاش لە قسمی تەشکیلی وەرگیرا.»

وەک خۆی باسی دەکات؛ یەکێک بووە لە قوتابییە زیرەکەکانی پەیمانگەکەی و دوای تەواوبوونی دەوام، لە باخچەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا ئامێری عودی بۆ قوتابییەکان ژەنیوە و بەهۆی ژەنینی چەندین ئاوازی جوان؛ دڵی چەندین کچی جوانی بەغدای بۆ خۆی بردووە


ئەحمەد شەنگە شانازی بەوە دەکا کە لەسەر دەستی چەندین هونەرمەند و مامۆستای بەناوبانگی عێراق خوێندوویەتی و فێری ژەنینی ئامێری عود بووە، لەوانە هونەرمەندان منیر بەشیر و غانم حەداد، بە ئاوازدانەرانی میسری «بەلیغ حەمدی» و «محەمەد عەبدولوەهاب»یش سەرسامە.

دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات دەگەڕێتەوە هەولێر و بە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» دادەمەزرێ و بەشداری لە چالاکییەکانی بەشی هونەریی پەروەردەی هەولێردا دەکات، وەک خۆی دەڵێت، ساڵی ١٩٦٤ یەکەم تیپی هونەریی منداڵانی هەولێر لەسەر دەستی ئەو دامەزراوە.

کاری ژەنینی بۆ چەندین هونەرمەندی ناودار کردووە، لەوانە تایەر تۆفیق، مشکۆ، حەیدەرە کەچەڵ و چەندانی تر. یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی.

شەنگە بە عودەکەی دڵی هەزاران کەسی خۆش کردووە، بەڵام چارەنووس تەنیاییی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و تا ئێستە ژیانی هاوسەرگیریی پێک نەهێناوە، دیارە ئەوەیش ئازاری داوە، بەتایبەت لەم قۆناغەی تەمەنیدا کە پێویستی بەهاوخەم و هاودەمێکە، هەر بۆیە ئامۆژگاریی بۆ گەنجانی کچ و کوڕ ئەوەیە هاوسەرگیری بکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێ «تەنیایی هەر بۆ خوا باشە». ●





# کانڤاس ماڵئاوایی

## بۆ قەرەنی جەمیل، ئەو هونەرمەندەی تابلۆی گەڕانەوەی کێشا

**جەلال بەرزنجی**

ئەو کاتانەی تارمایی سەدام بەدواوەمان بوو
ڕێگە نەدەدرا ڕەنگ لەسەر کانڤاس ئازاد بێت
وەک سێبەرەکی ڕەساسیی سەر یادەوەرییەکان ڕۆیشتیت
لەبەر ئەوە نا حەزت لێیە بڕۆیت
لەبەرئەوەی تەنیا بێدەنگی یان تەسلیمبوون مابوون
لەگەڵ ئەوەش تاراوگە هەر تاراوگە نەبوو
ئەو شوێنەت هەڵبژارد کە لێی ون دەبیت
ئیتاڵیا بۆ خەونە بەستووەکانی سەدەیەک لە پەیکەرتاشیی
مایکڵ ئەنجلۆ
ئیسپانیا لەبەر هاواری جێرنیکا
لە مەدرید گۆڕەکان لێت نزیک دەبوونەوە
بەبێدەنگی مردووەکانیان پێ دەناساندی
ناوی تۆیان بە چرپە دەگوت
لەناو تۆزی گەلەرییە لەبیرکراوەکان
سێبەری پیکاسۆ لەناو تابلۆکان دەهات و دەچوو
سەعاتەکانی دالی دەتوانەوە
کات و ڕەنگ لەگەڵیان دەچەمانەوە
کارافاگیۆ بە نهێنی لە کەنیسە،
ئەو تابلۆیانەی لە ڕووناکی و سێبەر کردبوونی
دەیخستییە قووڵاییی گیان و
دەیگوت دەتوانم جارێکی تر جوانیم خۆش بوێت
تاراوگە گوتی دەمێنیتەوە؟
بەڵام تۆ ڕەگت لە شوێنەکی ترە
لەوێندەر شین دەبییەوە
چەندەها ساڵ
فڵچەت بەهەناسەی دووری دەلەرزێ
"ببوورە دەبێت بڕۆمەوە» ئەوە وەڵامی تۆیە

سەرما و هەندێک لە ماڵەکەت جێ هێشت
بۆ ئەوەی گەشتە یەکسەرییەکەت لێرە بکەیت، گەڕایتەوە
ئێستە پزیشکەکان باسی دوا قۆناغی نەخۆشییەکەت دەکەن
وەک ئەوەی ژیانت لەگەڵ چارتەکەت دابخەن
قەرەنی
تۆ نامریت
تۆ لەناو سێبەری بێدەنگیی هێڵە زیوینییەکانی، پشوو دەدەیت
ڕەنگی خەونیت
ئەو فڵچەیەیت کە نەخۆشی ناتوانێت دەستی لێ بدات
ماتەمینی ئەنفالی
هەمیشە تازەی بازاڕی کۆنی تەیراوەی
ئەو کۆلارە قاقەزانەی بەپێکەنینی منداڵان دەچنە ئاسمانی قەڵا
تابلۆکانت هەڵسانەوە
ڕەنگیان پێش خۆیان دا
وەک ئەوەی بیانەوێت دوا قسەی دڵیان بکەن
جەستەت ماندوو، دەستەکانت بێ جووڵەن، بەڵام
جەوهەرت فۆڕمەکی نوێی تابلۆکانتە
هەندێک چیرۆک بە مەرەکەب دەنووسرێنەوە
هەندێک بە فڵچە
خەم فێرت دەکات چۆن یادەوەری بکەیتە ڕەنگ
ئەگەر با خۆڵی جووڵاند
پێی بڵێ ژێر خاک کەوتن نامترسێنێت
من بە مەبەست دێمەوە
تا دەگەڕێیتەوە، ڕەنگەکان چاوەڕوانن
بێدەنگی ترس نییە لە ڕۆیشتن
ئەوە دوایین لێدانی فڵچەیە لە تابلۆی بەرەو ماڵەوە ●

# ئۆف سەلام بۆ کێ گوتراوە؟

**دەوەن شوان**



ئیبراهیم سابیر هونەرمەندی ناسراوی کۆیە کە خاوەنی ٦٥ گۆرانیی تۆمارکراوە، لە مێژووی هونەریی خۆیدا بە گۆرانیی ئۆف سەلام دەناسرێتەوە، ئەو لە دیدارێکی (گڵکەند) نهێنیی پشت ئەو گۆرانییە و خۆشەویستیی بۆ هاوژینەکەی ئاشکرا دەکات.

سەرەتای چیرۆکەکە بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی هونەرمەند پەیوەندی بەشۆڕشەوە دەکات لە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە.

ئەو ڕۆژانەی سوپای ڕژێمی بەعس سنووری چۆمانی بۆردوومان دەکرد، هونەرمەند لە پێناو پاراستنی گیانی خۆی، لە چۆمانەوە دەچووە حاجی ئۆمەران، ڕۆژێکیان لەناو ئۆتۆمۆبێلێکدا دەبێت لە ڕێگەی حاجی ئۆمەران، بەڕێککەوت یەکێک لە سەرنشینانی ئۆتۆمۆبێلەکە کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، گۆرانییەک دەڵێ بەناوی ئۆف سەلام، کار لە هونەرمەند ئیبراهیم سابیر دەکات، بەهۆی جوانیی هۆنراوەکە و ئاوازی گۆرانییەکە، هەروەها بەو هۆیەوە کە ئەوی بردووەتەوە خەیاڵی خۆشەویستەکەی، بۆیە دوای گۆرانییەکە دەستبەجێ داوا لە شۆفێرەکە دەکات کە لە لای دوکانێک ئۆتۆمۆبێلەکە بوەستێنێ، لەوێ گۆرانییەکە تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە.

لە دوای شۆڕش، هونەرمەند ئیبراهیم سابیر دەگەڕێتەوە شار و گۆرانیی ئۆف سەلام ئامادە دەکاتەوە، بەجۆرێک کە هەستی خۆی تێدا بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێ و پێی دەڵێ "عەشقی کیژێکی کۆیەم ماڵیان لەسەر کانییە، ناوەڵا ئەمن سەهووم خۆ بەئەسڵی ئیسکانییە".

ناوهێنانی گەڕەکی (ئیسکان)ی شاری کۆیە ئاماژە بووە بۆ ماڵی خۆشەویستەکەی کە هاوکات کچە خاڵیشی بووە، ئەو کاتە ماڵیان لە گەڕەکی ئیسکان بووە.

هونەرمەند ئیبراهیم سابیر بەهۆی ئەم گۆرانییەوە تووشی نارەحەتی بووە بەتایبەت ئەو کاتەی دەچێتە بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکە، لەوێ ڕێگریی لێ دەکرێ، چونکە وشەی (ساچمە) لە گۆرانییەکەدا هەیە و ڕەتیان کردووەتەوە لەو شوێنەی کە دەڵێ پێم خۆشە وەک ڕاوچییان بمکوژێ یەک ساچمە، وشەی ساچمە بمێنێ و لە دیدێکی سیاسییەوە لە گۆرانییەکەیان ڕوانیوە، گوایە هونەرمەندەکە مەبەستی شۆڕشە و دەیەوێ خەڵک هان بدات دژ بە ڕژێم. بۆیە بەناچاری وشەی (ساچمە) دەگۆڕێت بۆ (ساتمە) و دەچێت تۆماری دەکات، بەڵام هەر لە دڵی دەمێنێتەوە کە ئەو وشەی گۆڕیوە، بۆیە لە دواتردا دووبارە گۆرانییەکە لە (تیپی هونەریی هەولێر) تۆمار دەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە بەبێ گۆڕینی وشەکە.

بە وتەی سامانی کوڕە گەورەی ئیبراهیم سابیر، باوکی پاش ساڵێک لە تۆمارکردنی گۆرانییەکە، چووەتە خوازبێنیی کچە خاڵەکەی کە ناوی پەروین خانە، گۆرانییەکە جێگەی خۆی لە دڵی پەروین خان گرتووە و ڕازی بووە کە شووی پێ بکات.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی نیو سەدە لە هاوسەرگیرییان و هەڵکشانی تەمەنیان، هونەرمەند ئیبراهیم سابیر بەردەوامە لە گوتنی گۆرانی و بەخشینی گوڵ بۆ هاوژینەکەی. ●

## پێش 150 ساڵ

# یەکەم تەلەگراف لە هەولێر باسی رێگری بوو

ئەحمەد موعاز

پاش داهێنانی تەلەگراف لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزاریی گواستنەوەی دەستبەجێی نامەی نووسراو بەبروسکە، کە شۆڕشێکی تەکنەلۆژی بوو لەو ڕۆژانەدا، خەڵکی هەولێر دەستپێشخەر بوون بۆ گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییە هاوچەرخە بە شارەکە و پێش شارەکانی دەوروبەریان کەوتن.

دەوڵەمەندەکان درکیان بەگرینگیی ئەو تەکنەلۆژیا نوێیە بۆ شارەکە و بەستنەوەی بەجیهانی دەرەوە کرد و پیتاکی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی کۆ کردەوە، لە کاتێکدا پێش سەدە و نیوێک زۆربەی خەڵک هیچیان لەبارەی پەیدابوونی ئەم خزمەتگوزارییە تازەیەوە نەدەزانی.

لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە لە (فەرمانگەی ئەوراقی دیوانی موهیممات) لە سەدارەت (سەرۆکایەتیی وەزیران)، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٨ دەرچووە، بە ڕەمزی (MKT MHM 00426.00019 (A))، هاتووە:

«بۆ نەزارییەت (بەڕێوەبەرایەتی)ی کاروبارە بەسوودەکان (بەرانبەر وەزارەتی ئەشغال عامەی ئەمڕۆیە)، بۆ بەخەرجدانی ئەوەی لە توانادایە بۆ جێبەجێ و کارپێکردنی ناوەڕۆکی ئەو نووسراوەی لە ویلایەتی بەغدا نێردراوە، کە نامەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی هەولێری تێدایە بۆ ڕاکێشانی هێڵی تەلەگراف بۆ هەولێر و دروستکردنی باڵەخانەیەک بۆ تەلەگراف لەگەڵ بانکەکانی تردا، بەپشتبەستن بەبەشداری و تەبەڕوعاتی خەڵکی هەولێر».

ئەگەرچی ئەو کاتە هەولێر شارێکی بچووک بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا درکی بەگرینگیی ئەو خزمەتگوزارییە کردووە؛ کە شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو لە پەیوەندیکردن و ناردن و وەرگرتنی نووسراوەکانی نووسینگەکان بەخێراییەکی خەیاڵی و دەستبەجێ.

وا دیارە هەولێر لەم خزمەتگوزارییەدا پێش سەرجەم شارە هاوسێکانی کەوتووە. بەڵگەنامە هەن ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە مووسڵ (کە ئەو کاتە ناوەندی ویلایەتەکە بووە) بۆ ناردن و وەرگرتنی نامە لە پایەتەختەوە، پشتی بە تەلەگرافەکەی هەولێر بەستووە، بگرە بەپێی بەڵگەنامەیەک فەرمانبەرێکیش بەناوی (ئەحمەد ئاغا) بەتایبەت بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە، لانی کەم تا ساڵی ١٨٩٧ کە مێژووی بەڵگەنامەکەیە.

هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی ساڵی ١٩١٨، قایمقامی ڕواندز لە ڕێی فەرمانگەی تەلەگرافی هەولێرەوە بروسکەیەکی بۆ پایەتەخت ناردووە.

فەرمانگەی تەلەگرافی هەولێر لە پاڵ دابینکردنی نامەگۆڕینەوە لە نێوان بەرپرسانی دەوڵەتدا؛ دەرگەی لە بەردەم هاووڵاتیانی هەولێر و دەوروبەریشدا واڵا بووە بۆ ئاڵوگۆڕیی نامە و نووسراوەکانیان. بۆ نموونە بەڵگەنامەیەک کە بۆ ساڵی ١٨٨٩ دەگەڕێتەوە و لە هەولێرەوە نێردراوە، سکاڵایەکی خەڵکی کۆیەی تێدا بووە بۆ دەسەڵاتدارانی پایەتەخت دژی بڵاوبوونەوەی چەتە و ڕێگران. بروسکەیەکی تر ساڵی ١٨٩١ لەلایەن ناوبراو زوڵێخا و وەرەسەی مەحموود بەگ لە (شەقڵاوە)وە بۆ سەدارەتی عوزما (سەرۆکایەتیی وەزیران) نێردراوە، کە تایبەتە بەدەستگرتن بەسەر موڵکەکانیاندا بەبیانووی ئەوەی هی ئەوقافن.

بەم شێوەیە ئەزموونی لە ئامێزگرتنی شاری هەولێر بۆ خزمەتگوزاریی تەلەگراف سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر، بەڵگەی هۆشیاریی خەڵکی شارەکە و درککردنیانە بەگرینگیی پەیوەندیکردنی خێرا و تەکنیکە تازەکانی ئەو سەردەمە. بەهۆی دەستپێشخەری و پشتگیریی ئەوانەوە هەولێر بە جیهانی دەرەوە بەسترایەوە و لەو کاتەوە چووە ڕیزی شارە پێشکەوتووەکان، ئەوەیش ڕەنگدانەوەی پەرۆشییان بۆ پێشکەوتن و تێکەڵبوون بەدنیای هاوچەرخ بووە. ●

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیسماعیل گەلاڵی




وێنە: ژیری دەستکرد

# ئایشەشان لە هەولێر

## ”قەرەباڵغییەکە گەیشتە ئەوەی دەرگەی هۆڵەکە بشکێ“

**نازم دڵبەند**



سێ جار بەدیداری ئایشەشان وەسمان ژنە هونەرمەندی باکوری کوردستان شاد بووم، یەکەم جار زستانی ١٩٧٨ بوو کاتێک هاتە هەولێر و وەک پەیامنێری ڕادیۆی کوردیی بەغدا کارم دەکرد.

ئاگەدار کرامەوە کە ئایشەشان لە ڕێگەی خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە گەیشتووەتە ئەودیو و لە ماڵی هونەرمەند عیسا بەرواری لە شاری مووسڵ میوانی ڕادیۆی کوردیی بەغدایە و لەسەر داوای ئەمینداریەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دێتە هەولێر و لەوێ ئاهەنگێکی جەماوەریی بۆ ڕێک دەخەن.

لەگەڵ گەیشتنی بۆ هەولێر، میوزیکژەنی بورزق غایب ئاکرەییی لەگەڵدا بوو، بۆ ئێوارە بڕیار درا لە یانەی فەرمانبەرانی جاران ئاهەنگێکی تایبەت لەگەڵ هونەرمەندان تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی و حەیدەر عەبدولڕەحمان بەقاڵ (حەیدەرە کەچەڵ) ساز بکات.

هاوڕێی ئەرشیفساز جیهانبەخش کۆیی خاوەنی تۆمارگەی خەیامم ئاگەدار کردەوە، ئامادە بێت بۆ تۆمارکردنی ئەم ئاهەنگە تایبەتە، بەندەش پێشکێشکاری ئاهەنگەکە بووم، بۆ ڕۆژی دوایی بڕیار درا لە هۆڵی (گەل) هەر لە هەولێر ئاهەنگێکی جەماوەریی بۆ ساز بکرێ، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، خەڵکێکی زۆر لە نیوەڕۆوە ڕوویان لە هۆڵەکە کرد، بوو بەقەرەباڵغییەکی ئەوتۆ گەیشتە ئەوەی دەرگەی هۆڵەکە شکا و جامی پەنجەرەکان شکا، خەڵک بە لێشاو ڕوویان تێ کرد.

دەزگەی ئەمنی ترسی ئەوەی هاتێ ببێتە خۆپیشاندان، ئاهەنگەکە کاتژمێرێک دواخرا، هێزی زۆرتریان هێنا، دواتر لەگەڵ بانگڕاهێشتنم بۆ ئایشەشان بۆ سەر شانۆ، کە وەک پێشکەشکاری ئاهەنگ لەوێ ئامادە بووم، جەماوەری ناو هۆڵەکە چارەگە سەعاتێک بە چەپڵەڕێزان بۆ قامەتی ئایشەشان وەستان و گۆرانییەکانی ئەویان دەگۆتەوە.

جاری دووەم بۆ بەیانییەکەی لە ماڵی هونەرمەند تەحسین تەها، ئایشەشانم بینییەوە، ئەمجارە بەمەبەستی دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی بوو کە لە ژمارە (٢٢)ی ڕۆژی (٢٢/١٢/١٩٧٨) لە ڕۆژنامەی (عێراق) ی کوردی بڵاوم کردەوە، هەر زوو گۆتی “ئەز چ رۆژا بیرا من نەهات کو کچک و لاو و خورتێت هەڤلێرێ ئەز ناس بکەن و سترانا یا ئەزی ناس بکەن. ئەز گەلەک مەمنونێ میللەتێ خۆ خەلکێ هەڤلێرێمە”.

لە میانی دیدارەکەدا، هەستم کرد ئایشەشان زۆر لە ژیان هیلاک بووە، زۆریش بەو هاتنەی دڵخۆش بووە، ناوە ناوەش دەیگۆت “هەمی هێڤیا من ئەڤە بوون ئەز و عیسا بەرواری و محەمەد عارفێ جزیری داوەت پێکڤە چێ کەین، خودێ بۆ من کری”.

جاری سێیەمیش ساڵی ١٩٩٣ بوو، بەر لەوەی گەشتی تورکیا بکەم سەردانی ڕەوانشاد ڕەسووڵ گەردیم کرد، گۆتم “بەنیازم بچمە تورکیا و لەوێش دەچمە ئیزمیر و سەردانی ئایشەشان دەکەم، ئەوجا ئەو ڕەسمانەم دەوێ کە خۆت و مام حەیدەر و ئەو پێکەوە گۆرانی دەڵێن”، گۆتی “وەی بەسەرچاو، زۆر زۆر سەلامی منیشی پێ ڕاگەیەنە و برێ ڕەسووڵ ئەحواڵت دەپرسی”.

گەیشتمە ئیزمیر، چوومە لای نەبی سونگوڵی کە لە کوردستان بەهۆی هاوڕێیەکمەوە ناسیبووم، کە لە نووسینگە بازرگانییەکەی خۆی دانیشتبوو، بەدوای کەسێکیدا نارد تا داواکەی من بەئایشەشان بگەیەنێ، ئەویش گوتی ”سەرچاڤا، بەلێ حالی وی باش نینە“.

بۆ بەیانییەکەی لە ئوتێل هاتنە دوام و بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە لای باخچەکی گەورە لە ناوەڕاستی شار،


عێراق

گەڕەکێکی هەژارنشین، تابلۆیەکم خوێندەوە نووسرابوو گەڕەکی (کەهرەمانلار)، بەسەر ئەپارتمانێک کەوتین، زەنگی دەرگەکەمان لێ دا، پاش تاوێک کرایەوە، ئایشەشان بە پرچە درێژەکەی جارانی و چاویلکەیەکەوە دەرکەوت، ئەمنی ناسییەوە و لە باوەشیێ گرتم، گوتی ”قوربانێ تە مە“.

لە هۆڵێکی گچکە دانیشتین و وێنەکەم دەرهێنا، کە دیتی دوو جار ماچی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا،


چیرۆک بۆ منالان و چەند سەرنجێک
ئایشەشان ئەو دەنگەی برانەوەی بۆ نیە

سەربردەی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە دوای ئەوەی لە ١٩٧٨ لەلای ئێمەوە گەڕاوەتەوە و عیسا بەرواری و سەگڤان عەبدولحەکیم هەتا سنووری ئیبراهیم خەلیلیان هێناوە، هەستم کرد تەندروستیی باش نییە، بەڵام هێشتا بەهێزە، باسی ئەوەی بۆ کردم کە چووەتە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، زۆر ڕێزیان لێ ناوە و هەندێک لە گۆرانییەکانیان لە تەلەڤزیۆن تۆمار کردووە، بەڵام وەک خۆی گۆتی بە دڵی نەبووە، چونکە تیپێکی میوزیکی تەواوی لەگەڵدا نەبووە، تەنها غائیب ئاکرەیی بە بوزقـەکەیەوە لەگەڵیدا بووە.. داوام لێ کرد جارێکی تر سەردانی باشوور بکاتەوە، کە ئەو کات ئازاد بوو، گۆتی “جارێ ناتوانم، تەندروستیم باش نییە، بەڵام قەرار بێت کە باش بووم، بێمە کوردستانێ و لە هەمی شارا کۆنسێرت چێ کەم”. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا، لە ١٩٩٦/١٢/١ لە ئیزمیر کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی بێکەسان نێژرا.

بەم دواییەش هەوڵی گواستنەوەی گۆڕەکەی بۆ ئامەدی زێدی خۆی سەری گرت، بەتایبەت دوای ئەوەی شەقامێک لەو شارە ناو نرا شەقامی ئایشەشان.

تا ئەمڕۆش لە مێژووی دەنگ و میوزیکی کوردیدا، ئایشەشان یەکێکە لەو دەنگە هاوچەرخانە و ئەفسانەییانەی پێناسێکی تایبەتی هەیە، سەرباری ئەوەی لە منداڵییەوە بەهۆی پەروەردەبوونی لە خێزانێکی ئاینی، ڕێگەی گۆرانی گوتنی لێ گیرا، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی دەنگی باوکی لەسەر بووە، چونکە باوکی یەکێک بووە لە دەنگخۆشەکانی ئەوێ ڕۆژێی ئامەد. ●

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (19), Tuesday 1/7/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

